# سالێک لە نیگەرانی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**
* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

قەسیدەی

# ساڵێک لە نیگەرانی

بەرزان هەستیار



لە نێرینەی ئەم قەسیدەیەدا بۆ مرواریی نیگەرانی و مەینەتییەکانی خۆت ئەگەڕێیت؟ من دڵنیام کە لەو سەری دەریا سەرت دەرهێنا، هەردوو چنگت پڕن لە حەسرەتەکانی خۆت و من و سەراپای کەونیش! ئەم قەسیدەیە بە تۆ پێشکەشە.

ناوی کتێب: قەسیدەی ساڵێک لە نیگەرانی
نووسینی: بەرزان هەستیار
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٦٩٥
هەڵەگری: عەبدولخالق یەعقووبی + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقیبیان
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٣٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

لە ساڵانی هەشتاکاندا نەوەیەکی ئەدەبی دەرکەوت کە وەک نەوەی شەستەکان کەوتنە نێو دوو جیهان و دوو سەردەمی زۆر جەنجاڵەوە. وەک چۆن نەوەی شەستەکانی ئەدەبی کوردی، لە نێوان نەوەی ساڵانی پێشتر و شۆڕشی ئەدەبی حەفتاکاندا بوون بەژێرەوە و ئاوڕێکی گەورە لە ئەدەبیاتیان نەدرایەوە، نەوەی هەشتاکانیش بەجۆرێک لە جۆرەکان کەوتنە بەر بەرداشی شۆڕشی ئەدەبی حەفتاکان و ئەو گۆڕانکارییانەی ساڵانی نەوەد ڕوویاندا و مافی ڕاستەقینەی خۆیان لە خوێندنەوە وپێداچوونەوە و ڕەخنە وەرنەگرت. بەرزان یەکێکە لەو دەنگانەی هەشتاکان کە وەک زۆربەی ئەوانی دی بەر ئەو فەرامۆشییە کەوت. من لە سەرەتاوە ئاگادرای ئەزموونی شیعری بەرزانم، لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ ئەم ئەزموونە گواستنەوە و گۆڕانی زۆری بەخۆیەوە بینیوە،لەم چەند ساڵەی دواییدا لەو نەغمە لیریکییە ڕۆمانسییەی سەرەتا تەواو دوور کەوتووەتەوە و پتر ڕووی لە قووڵبوونەوە و تێڕامان لە پووچی و بێهودەیی کردووە. ئەوەی لەم چەند ساڵەی دواییدا نووسیوێتی سەدای غەمێکی ناوەکی و ڕۆحیی دوورودرێژە کە جۆرێک لە ئیرۆنییەتی بەشیعرەکان بەخشیوە. ئەم





قەسیدە درێژەی بەرزان هەوڵێکی زۆری تێدایە بۆ چڕبوونەوە، بۆ کۆکردنەوەی مانا لە یەک وێنەی خێرادا، بۆ گوتنی مانای قووڵ بە وشەی کەم. لە سەروو هەمووشیانەوە تێڕامانێکی بێوچان لە مردن و شکست و تەنیایی هەیە. ئەوەی ئەم قەسیدەیە بەئێمەی دەبەخشێت نیگەرانییە بەهەموو موفرەداتە تاریک و پڕ ئازارەکانییەوە. ئەمە هێزی هەرە گەورەی قەسیدەکەیە، لە زۆر جێگادا بێ ئەندازە غەمگینە، جۆرە هەستێکی بێبنی تەنیایی تێدایە،جۆرە هەستێکی تراژیدی بەقەدەری خۆی وەک مرۆڤ، هەستێکی پووچ بەژیان کە دەگاتە پلەی گاڵتەکردن بەزمان و بەئینسانیش. من لە دوای "لە غوربەتا "ی "حەمە عومەر "ەوە ئەم جۆرە هەستەم بەو چڕییە نەبینیوەتەوە. خەیاڵی بەرزان تەواو لە خزمەت نیگەرانییە ڕۆحییەکەی دایە، ئەو غەمە تاریکەی ناوەوەیە کە دەیەوێت ببێتە دەروازەی تێڕامان و کەرەستەی دروستکردنی مانا، لە کاتێکدا ئەکرێت ئەم ئەزموونە فراوانتر بکرێت بەوەی نیگەرانیی بکەوێتە خزمەتی خەیاڵەوە. گومانم لەوەدا نییە ئەم قەسیدەیەی بەرزان خاڵێکی گرنگی ڕۆحییەتی وەک مرۆڤ و شتێکی جیاوازیشە لە ڕابوردووی ئەدەبیی خۆی.... بێئەندازە پڕە لە تاریکی و بێهیوایی. لە پێویستییەکی ڕۆحییەوە بۆ شیعر هەڵقوڵاوە، نەوەک لە پێویستی شیعرەوە بۆ ڕۆح.... پێش ئەم قەسیدەیە بەرزانمان وەک شاعیرێکی غەمگین نەدەناسی، بەڵام ئەم قەسیدەیە بەرزان دەگۆڕێت بۆ یەکێک لە دەنگە دیارەکانی پوچی و بێهودەیی و غەم.... لە زۆر شوێن و کۆپلەی ئەم دیوانەدا ناتوانین غەمگین نەبین.... زۆر غەمگین.

بەختیار عەلی

# شیعر یان بەڕبەڕیەت

## وێنەی شاعیر وەک ئەکرۆباتێکی ونبوو

"پیاوێک هەیە هیچ لەم کەونە حاڵیی نابێت؛
بۆی مەگەڕێن، ئەوە منم!........"
(بەرزان هەستیار)

ئیسماعیل حەمەئەمین

١

بەڕبەڕیەت جۆرێکە لەگەڕان بەدووی وەحشییەتدا، تینووە بۆ وەحشییەت. بەڕبەڕیەت لە نێو شارستانییەتی دنیای تازەدا، خشۆکێکە و خۆی لە بەردەم زۆر دەروازەکانی ژیاندا پاڵ خستووە. بەڕبەڕیەت خۆی لە چەندەها فۆرمدا شاردووەتەوە، خاوەنی زەمەنی کاڵ و کرچە، خاوەن ئەفسانەی خۆیەتی، خاوەنی هەمان ڕیتمی دڕندەیە لە نێو پێچەکانی ژیاندا. دۆزینەوەی بەڕبەڕیەت لە پێناو ئەوەدا نییە لەناوی بەرین، بەڵکو لە پێناو دەستەمۆکردنێتی لە بەرگی شیعریەتدا. ساتە وەختی شارستانییەت بەدەر نییە لە ساتەوەختی بەرهەمهێنانی بەڕبەڕیەت، بەهەمان شێوە بەڕبەڕیەتیش دوور نییە لەکولتیڤکردنی (بەشارستانیکردنی) خۆی لە نێو فۆرمە جیاوازەکاندا، لە خۆشلکردنی بۆ نێو بەها باڵاکانی ئیستاتیکا. شیعر لە نێو ئەم





فۆرمانەدا خۆی دەدۆزێتەوە، گەر هاتوو تێیدا لەدایک نەبێت!. شیعر لە هەمان کاتدا دۆزینەوەی بەڕبەڕیەتە، و هەمان ساتەوەختیش بەرهەمهێنەری بەڕبەڕیەتێکی دیکەی شیعرییە، شیعر گەڕانە بەدووی خودێکدا بەردەوام لەدەست خۆی ڕادەکات. چیرۆکی شیعر و ڕاکردنی خود لە نێو فۆرمەکانی بەڕبەڕیەتدا، چیرۆکی دۆزینەوەی ئەو ڕووبەرە هێمنانەیە شیعر بەدوویدا دەگەڕێت، لەگەڵ دۆزینەوەی ئەو هێمنییەدا، زۆر نابات شیعر لە هێمنیی خۆی بێزار دەبێت و نایەوێت خۆی خانەنشین بکات، دیسانەوە دەگەڕێت بەدووی تاڵە دەزووە نەبینراوە وەحشییەکانی جیهاندا، بۆ هیچ نا، تەنها بۆ ئەوەی دژبەیەکی جیهان بخاتە بەردەم کەشفبوونی خۆی، ڕووتیان کاتەوە لە بەرگە کولتیڤییەکەیان، بیانخاتەوە نێو خانەی ڕەنگەکانی وشە و یەکە بەیەکە ناویان لێ بنێتەوە. لەم گۆشەنیگایەوە هاوکێشەی بەڕبەڕیەت و شیعر، بەدرێژایی زەمەن خۆیان ڕادەکێشنە نێو مەدارەکانی زۆرانبازییەکی خۆشبەختانەی پڕئازارەوە. خۆشبەختییە دۆزینەوەی وەحشییەتی شتەکان و پڕ ئازاریشە پڕۆسەی بەشیعرکردنی دنیا.

لێرەوە شیعر خۆی لە هەموو فۆرمەکانی ژیانماندا پاڵ دەخات نەک بۆ ئەوەی ئێمە بیدۆزینەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی ئەو ئێمە بەو ناوانە ناوزەد بکات کە ناوی ئێمە نین. (ناولێنانی دنیا) ئەو ئەرکەیە کە شیعر لە ئەستۆی خۆی گرتووە، بەشێوەیەک گەر بەوردی سەرنجی بدەین هەست دەکەین ئەو پڕۆسەی ناولێنانە، لێسەندنەوەی هەموو پێناسەکانی لەمەوبەری خۆمانە کە هەمانبووە، دابڕانمانە لە نێو ڕیتمێکی دیکەدا، سەماکردنماندا لە نێو بۆشاییەک کە لەژێر قاچمانەوە جگە لەبەتاڵییەک نەبێت هیچی دیکە نەبووە. شیعر ناو لە

شتەکان دەنێت، دەیخاتە نێو ڕیتمی موسیقیی خۆیەوە، هاوکێشە هەبووە ناسراوەکانی شتەکان قڵپ دەکاتەوە بەهاوکێشەی دیکە. ئیدی کاتێک ئێمەی قوربانی خۆمان لە نێو چوارچێوەی دیکەدا دەبینینەوە، هەست دەکەین هەمان پرۆسەمان بەسەر هاتووە کە بەربەریەت لە دژمان ئەنجامی داوە. ئێمە چیدی ئەو بوونەوەرانە نین کەلەوەبەر هەبووین، ئێمە لە نێو سنوورەکانی خۆمان و ئەوانیتردا تێکشکاوین، ئێمە چەند بوونەوەرێکی دیکەین بەپێناسەی دیکەوە کە شیعر پێی بەخشیوین. ئێمە لە نێو بەربەریەتی شیعریدا جەستەمان سنووری نییە و تێکەڵی یەکتری دەبین، بەنێو باخچەی ئەو گوڵە سپییانەدا ڕێ دەکەین کە نازانین لە کوێوەڕا هاتوون، بەسەر باڵی ئەو ماسییانەوەین، کە نازانین کەی فێرە فڕین بوون، لە نێو ئەوپەرژینانە خەو دەمانباتەوە کە نازانین خاوەنی چ ڕەنگێکن، بەنێو ئەو میترۆپۆلە قەرەباڵغانەدا تێپەڕ دەبین کە نازانین لەچ شوێنێکدایە و لە کوێش هاتووینە دەرەوە... لە شیعردا ئێمە چیدی خۆمان نامێنینەوە.

٢

ئۆکتاڤیۆ پاز دەڵێت: (وەحشی نازانێت کە وەحشییە، بەڵام بەربەری بەپێچەوانەوەی ئەو، کاڵ و کرچێکی شەرمەزارە، یاخود ئاڵۆشییەکە بۆ وەحشیبوون.... ). شیعر ئاڵۆشێکی بەردەوامە بۆ وەحشییەتی دنیا، شیعر نێزیک بوونەوەیەکە لە سنوورەکانی بەربەریەت، بەڵام کامە بەربەریەت؟!. با تۆزێکی دیکە نێزیک بینەوە لەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی نێوان شیعر و بەربەریەت، لە گەڕانەوە بۆ مێژووی هەبووی دەستلێدراو، بۆ نێو ڕووداوەکان. بۆ کاتێک کە جیهان لەژێر جەنگە





گەورەکاندا دەیناڵاند، یەکێکی وەک (ڕۆزا لۆکسمبۆرگ) هاواری کرد: سۆسیالیستی یان بەربەریەت!... ڕۆزا و هاوسەرەکەی لەلایەن حکوومەتی ئەوسای ئەڵمانیای قەیسەری کوژران. ئەوەی مایەوە ئەو ڕستە شیعریەی بوو کە لەچەقی تێکستە مارکسی لینینەکانییەوە جادووی خۆی بەنێو زەمەندا درێژ کردەوە. ئەو ڕستەیە ئیلهامبەخشی زۆر لە مارکسییە سەرگەرمەکانی دنیایە، ئەو ڕستە شیعرییەی ڕۆزا بەدوور بوو لە مەبەستی ئەدەبی و دژ بەجەنگ بوو، ڕستەیەک بوو کە تاوەکو ئێستا کولتووری چەپ دووبارەی دەکاتەوە، ئەو ڕستەیە لێرەو لەوێ بەردەوام خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە. لە نێو سەرجەم ئەو تێکستە مارکسییانەی (ڕۆزا لۆکسمبۆرگ) نووسیبووی، ئەو ڕستەیە وەک ڕستەیەکی شیعری لێ هاتووە، کە بەردەوام کولتووری چەپ دووبارە بەرهەمی دەهێنێتەوە و زۆر یتڵی جۆراوجۆری لەسەر بینا دەکرێت. ئەوەی بۆ ئێمە لەم نووسینەدا گرنگە مەبەستە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکان نییە، بەڵکو مەبەستە شیعرییەکانن کە هێز دەبەخشن بەهەموو دەقەکان، گەر هاتوو ئەو دەقە ئایدۆلۆژیش بێت. ئەو دێڕەی (ڕۆزا لۆکسمبۆرگ) دێڕێکی شیعری بوو، تاوەکو ئێستا بەنێو زەمەنەکاندا دێت و دەچێت، تاوەکو ئێستا سیحری خۆی لە بەرامبەر بەربەریەتی جیهان پاراستووە. هاوکێشەی نێوان شیعر و جیهانی هەبوو، وەک ئاماژەمان پێ دا هاوکێشەیەکی ئاڵۆزە و مەحکوومە بەزۆرانبازی، چونکە نە جیهان ئەوەندە بەئاسانی خۆی لە بەردەم شیعردا دەستەمۆ دەکات و نە شیعریش ئاوەها بەئاسانی دەستەمۆ دەبێت، بەجۆرێک کە ئیدی توندوتیژی لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەدا دەبێتە جووڵێنەری ئەو دیالۆگەی کە ئاشتبوونەوەی بۆ نییە.

٣

شاعیر هەوڵی دەستەمۆکردنی جیهان دەدات لە ڕێگەی وردکردنەوەی بۆ سەر ڕەگەزە خاوەکانی، نەخشەیەکی لەبەر دەستدایە و لە سەرەتادا دەیەوێت خۆی خاوەنی هەموو سەرە داوەکانی ژیان و چارەنووسەکان بێت، کەچی زۆر ناخایەنێت دەبێت ئێمە بەدووی شاعیردا بگەڕێین، چونکە ئەوە دەقە شیعرییەکەیە کە فیگۆری شاعیر لە نێو خۆیدا ون دەکات، نەک شاعیر فیگۆرەکانی لە نێو دەقەکەدا ونبکات!. ئیدی دەبێت شاعیر لەبیر بکەین و بەجێی بهێڵین بۆ چارەنووسی خۆی. چارمان نییە، ئەوە بەڕبەڕیەتی شیعرییە کە هەموو ڕەگەزەکان لە نێو خۆیدا دەتوێنێتەوە بۆ ئەوەی ناسنامەیەکی دیکەیان پێ ببەخشێت. ئەوە شیعرە کە پەلاماری جەستەی جیهان دەدات بۆ ئەوەی هەموو شتێک لە جووڵەی خۆیدا بەناتەواوی بمێنێتەوە. یاخود هەموو شتێک لە هەبوونی تەواوکاری خۆی ڕاپێچی ناتەواوی بکات.

خودی شیعری لەم پرۆسەیەدا زۆر جار لە خودی شاعیر نێزیکە و زۆر جارانیش دوور لە ئەو، کاری خۆی دەکات.

ئەو وێنە و ئەزموونانە بەرهەم دێنێت کە چیدی لەژێر دەستی شاعیردا نامێنن، بەڵکو خودێکی دیکەیە قسە دەکات، خۆی بەسەر ئەو تۆبۆگرافیایەدا پەخش دەکاتەوە کە (بەئاگایی شیعریی) بیری لێ نەکردووەتەوە. هەموو شتێک لەم هاوکێشەیەدا سەرەتای دەستپێکردنی، هەمان سەرەتای ونبوونێتی. سەرەتای ونبوونیشی هەمان سەرەتای ئامادەبوونێتی لە نێو دنیادا. بازنەیەکی شەیتانییە کە شیعر هەموو شتێک لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچ دەکات، نەک بۆ ئەوەی لە غەمباری خۆیان قوتاریان بکات، بەڵکو بۆ ئەوەی هەموویان لە نێو





هاوکێشەی شیعریدا بتوێنێتەوە.

لێرەوە شیعر بەڕبەڕیە چونکە ئاڵۆشییەکی سەیری هەیە بۆ بۆنی خوێنی دنیای دەرەوە، ئاڵۆشییەکە بۆ لەتوپەتکردنی هەموو ئەو ڕێگرانەی شاعیر دەخەنە بەردەم لێواری نامۆیی و دابڕان لە شتێک کە خۆیشی نازانێت چییە، ناسنامەیە یاخود گەڕانە بەدووی ئاسوودەگی، یان دۆزینەوەی بەهەشتێکی خەیاڵئامێزە بۆ کراوە، یاوەکو ڕووبەڕێکە بۆ دۆزینەوەی هاوسەنگیی شتەکان. لە نێو ئەم دژ یەبەیەکییانەدا شاعیر دەقی خۆی بەرهەم دەهێنێت.

٤

ئەم تێزانەی سەرەوە هەوڵدانێکن بۆ تێگەیشتن لەم ئەزموونە شیعرییەی (بەرزان هەستیار)، کە پێم وایە لە هەموو تێکستە شیعرییەکانی لەوەو بەری، خۆی جودا دەکاتەوە. بەوەی، چیدی (هەستیار) خۆی نییە قسە دەکات، بەڵکو ئەوە تەنها دەقە شیعرییەکانن کە خۆیان بەچەندەها شێوە بەرهەم دەهێننەوە. بەرزان هەوڵدەدات دەنگی خۆی بەسەر ڕەگەزە شیعرییەکانیدا زاڵ بکات، کەچی بەپێچەوانەی ویستی ئەو، دەقە شیعرییەکە ئەوەندەی خەریکی نمایشکردنی جیهانی خۆیەتی ئەوەندە هەست و نەستەکانی شاعیری لەلا گرنگ نییە. دەقەکە لەیەکەم چرکەساتەوە خیانەت لە بەرزان دەکات و (بەرزانی ڕۆمانسی) بەچەندەها هەنگاو جێ دەهێڵێت. جوانیی ئەم دەقانە لەوەدان، بەجیا لەدەنگی شاعیر، ئۆتۆنۆمی خۆیان بەدەست هێناوە. دەتوانم بڵێم کە بەرزان لەم ئەزموونەدا لەلایەن شیعری خۆیەوە فەرامۆش کراوە.

**کەرت... کەرت..کەرت بووم**

**نامەوێ خۆم کۆکەمەوە**

**نەوەک پارچەیەکەم ون کەم**

(ساڵێک لە نیگەرانی... بەرزان هەستیار)

ئەم ئەزموونە شیعرییە چێژ بەخشە، چونکە ئێمە چیدی لەگەڵ نەرجسیەتی شاعیردا ئەزموونی خوێندنەوەی خۆمان دەست پێ ناکەین. بەڵکو فراگمێنتی (پارچە پارچەیی) ڕۆژانە ژیانێکە بەئێمە نامۆیە، ڕۆژمێرێکە بەتەنیشت ڕۆژەکانمانەوە ڕێ دەکات و لەم دەقە شیعرییانەدا بەهێمنی هێڵە نەبینراوەکانی دەبینین. ئەم ئەزموونە ئەزموونی نەرجسیانەی شاعیر نین کە لە نێو هاوکێشەکانی غەم و عەبەس و وجود و گەشبینیدا پێناسەی بکەین. ئەم ئەزموونە خۆی تەعبیرە لەو دنیایەی کە بەرپەریەت بەپێوارییەوە تێیدا کار دەکات، ئەو دنیایەی ئێمە پارچە پارچە دەکات.

٥

هەموو ئەو ڕەگەزانەی لەم قەسیدەیەدا هەستی پێدەکەین لە یەکێکی دیکەوە بۆ ئەوی دیکە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا خۆی دەگۆڕێت. لەسەرێکەوە وەک گوتمان گەڕان بەدووی وێنەی شاعیردا لەم دەقە فراگمێنتە شیعرییانەدا بێهوودەیە، چونکە مەبەستی ئەم دەقە تێرکردنی نەرجسیانەی ئەو خودە نییە، بە سەرنجڕاکێشانمان بۆ ئەوەی نمایشەکانی شاعیر لە نێو ڕەگەزە شیعرییەکانیدا، هەوڵدان نییە بۆ سکێچکاری وێنەی شاعیر، وەک نەرجسیەکی ئەبەدی. بەڵکو





هەوڵدانێکە بۆ پێناسەی ڕۆژەکان، نەک بۆ ئەوەی وێنەی شاعیر لە نێو ئەم هاوکێشەیەدا بەرجەستە بێت، بەڵکو بۆ نەفیکردنی خودە لە نێو ڕۆژەکانی خۆیدا، بۆ مراندنی ئەو نەرجسیەتەیە.

**خوێناوییترین شەڕ ئەو کاتە دەست پێ ئەکات**

**کە یەخەی خۆم ئەگرم و**

**کەس نییە لێکمان کاتەوە**

(ساڵێک لە نیگەرانی..بەرزان هەستیار)

لەم ئەزموونەدا نەرجسیەت لە فۆرمی منی قسەکەری شاعیردا دیارە، بەڵام قسەکەرێکە بۆ فەوتاندنی خۆی نەک بۆ مەزن کردنی ڕۆژەکانی، چیتر شاعیر نایەوێت لە شیعردا ماڵی خۆی بدۆزێتەوە، بەڵکو ماڵ بەسەر ڕۆژمێرێکی ساڵانەدا دابەش دەکات. خودی شیعری دژ بەخۆی لە جەنگدایە، زیاتر بەخۆیەوە سەرقاڵە وەک لەوەی بەدنیاوە سەرقاڵ بێت. ساتەکانی (بەخۆ سەرقاڵبوونیش) ئەو ساتە نیگەرانییەن کە مرۆڤ دەباتە سەر لێوارەکانی توندوتیژی، ئەو نیگەرانییەی جۆرێکە لەجودابوونەوەی خۆت لەخودی خۆت. ئیدی دەبێت دنیا لەوە وەحشیتر بوونی هەبێت، کە هەموو کەسێک دەستی بگاتە ئێمە، تەنانەت بتوانن نیگەرانیشمان لێ زەوت بکەن.

**نیگەرانی، ماڵێکی پێ بەخشیوم**

**زەنگی سەر دەرگاکەی ئەوەندە نزمە**

**دەستی هەموو کەسێکی پێ ئەگات...**

(ساڵێک لە نیگەرانی... بەرزان هەستیار)

## ٦

ئێمە لە نێو دنیایەکی وەحشیداین لە بەرگێکی شارستانیدا، ئەمە بیرۆکەی پشت ئەم ڕۆژمێرەیە. دنیایەکە خودی شیعری تێکوپێک دەشکێنێت، لەدنیای ئەمڕۆی پۆست مۆدێرن و پۆست کاپیتالدا خودی شیعری نەک هەر پەرت بووە، بەڵکو زۆر ئیرۆنییانە بەپەرتبوونی خۆی پێدەکەنێت.

**لە منداڵ ساویلکانەتر لە شتەکان حاڵی ئەبم**
**بۆیە کە بەهەڵوەرینم پێ ئەکەنیت**
**وا ئەزانم نوکتەیەکی تازەم گێڕاوەتەوە....**

(ساڵێک لە نیگەرانی... بەرزان هەستیار)

ئەمە تراژیدیای مرۆڤە لەدنیای ئەمڕۆماندا، ڕۆژ بەڕۆژ بەرامبەر بەئەقڵانییەتی بازاڕ، بەرامبەر جەنگ و دوژمنکاری و هاوکێشەی دەسەڵات و بۆرسەی نوێ، لە پێناو مانەوەیدا خۆی لەسەر ئەم شێوازانە بەرهەم دێنێتەوە. ئەمە جۆرێکە لە هەڵوەرینی ئیندیڤیدوالیەت (فەردانییەت/ تاکرەوی) و خنکانی دەنگی تاکەکان لە نێو سیستمێکی ئەقڵانیدا، کە لە هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەم دنیایە بەدوومانەوەیە. شاعیر لە نێو ئەم هاوکێشە بەربەریەدا (خودی شیعری) هەڵدەوەرێت و هەر خۆشی گێلانە بەخۆی پێدەکەنێت. پێکەنینێک دابڕانی مرۆڤە لەخۆی وەک مرۆڤێک کە چیدی لە نێو ئەم هەموو دەسەڵاتەدا توانای خۆڕزگارکردنی نەماوە. مەحکوومە بەپێکەنینی، بەوردبوونەوەی خۆی بەنێو ڕەگەزە نوێیەکانی دنیای تازە.

لەوانەیە ئەم بیرکردنەوەیەش زۆر زوو خۆی بەدرۆ بخاتەوە، چونکە





ئەوەی لەم ڕستە شیعرییەی سەرەوە ڕابمێنێت، هەست بەوە دەکات کە ئەم خودە شیعرییەی وێنەی بۆ کێشراوە، دوورە لە هەموو ئەم خۆ خەریککردنەی ئێمە بەتەفسیرکردنی دنیای ئەو. زۆر زوو هەموو ئەم تێزانەمان بەدرۆ دەکەونەوە، بەوەی کە ئەم خودە بەربەریەتی جیهان پەرتی کردووە. چونکە ئەم ڕۆحە گاڵتەجارە قوربانی نییە وەک ئەوەی ئێمە لە سەرەتادا مەزندەمان کردووە، بەڵکو لێبوکێکە بەخۆی و دنیای دەوروبەر پێدەکەنێت، خاوەنی هیچ لێپرسراویەتییەک نییە، بەقەد ئەوەی خاوەنی گاڵتەجارییەکە. ئەمە ئەو (داندیە) نییە (ئارسەر ڕامبۆ)یانە چێژ لە بۆهیمیەتی خۆی وەرگرێت و بەنێو شارەکاندا پەرەوازە بێت. ئەمە کەسێکی دیکەی بەرهەمهاتووی دنیای تازەیە کە بەئاسانی خۆی دەداتە شەپۆلی هاوکێشەکانی دنیای سەدەی بیست و یەکی شمەکخۆر و ماتریاڵیەتی بازاڕە بێ سنوورەکان. بەئاسانی پەرتبوونی خۆی لە نێو بە شتبووندا دەبینێت، وەک ئەوەی، ئەوە ئەو نەبێت کە پەرت بووە، ئەو نەبێت کە پارچەپارچە بووە!، ئەو نەبێت کە شی بووەتەوە...

ئەوەی لەدوا ڕستەدا بۆمان دەردەکەوێت پێچەوانەی ئەو تێزەیە کە فیگوری نێو قەسیدەکان قوربانی دنیایەکی ناشیرین و ماتریاڵین، چونکە ئەم خودە (هەڵوەرینی خۆی) بەنوکتەیەکی تازە تێ دەگات، ئەم خودە خودێکی گاڵتەئامێزە، خودێکی سێنیکارە. ئەمەش بێگومان دوورە لە مەبەستەکانی شاعیر خۆی، کە هەمووان وەک دەنگێکی ڕۆمانسییانەی ناسک دەیناسین، کەدەیەوێت دنیای خۆی بەو ڕیتمە هێمنانە شیعرئامێز بکات، کە بەهاکانی جوانی و گەڕانەوە بۆ بەرائەتی منداڵانە نیشان بدەن، نەک مانیفێستێک بێت بۆ گاڵتەبازاڕی

بەجیهان. بەڵام ئەم دەقانە بەڕبەڕین، بە ئاڵۆشن بۆ تێکوپێک شکاندنی نییەتەکانی شاعیر، وێنەی ئەو لەپێچێکدا تێکوپێک دەشکێنن. لەو دیو وێنەی بەرائەتەوە، وێنەی ئەو خودە دەبینین کە گاڵتەجاڕە بەهەموو شتێک، قوربانییەکە و گاڵتە بە جەلادەکەی دەکات، لەکاتی لەت و پەتکردنیشیدا قاقا پێدەکەنێت... چەندە بەڕبەڕیەت هەراسانی دەکات، دە ئەوەندە ئەویش گاڵتەئامێزانە بەڕبەڕیەت دەهێنێتەوە نێو خۆی و دەیکات بەنوکتە.

٧

ئەمە بەشێکە لە وێنەی جیهان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەو ڕۆحە گاڵتەئامێزەیە کە ئەم دەقە شیعرییە دەیەوێت لامسەلایی و بێ گوێیی وێنەی مرۆڤێکمان بۆ دروست بکات، مرۆڤێکە نابەشدارە، ئەوەندە نابەشدارە لەژیان تەنانەت بەهەڵوەرینی خۆیشی پێدەکەنێت. نابەشدارە لە هەموو ڕێڕەوەکان، لامسەلایی بەنێو ڕۆژمێری خۆیدا تێپەڕ دەبێت. ڕۆژمێری ئەو دەربڕینە لەو نابەشدارییەی لە ژیانی خۆی و شتەکانی چواردەوری. ئەوەی ئەم قەسیدەیە بخوێنێتەوە هەست بەوە دەکات کەئەم دەنگە پڕدەکات بەشتەکاندا و ناویان لێ دەنێت بۆ ئەوەی چیدی جەوهەری خۆیان وەک خۆیان نەمێنن، پێناسەیان ئاوەها بەئاسوودەگی بەنێو دنیادا ڕێ نەکات، بەڵکو هەموویان بکەونە پێمەلەیەکی ترسناک لە نێو بۆشاییەکی بێ کۆتاییدا . ئەمە ئەزموونی مرۆڤێکە کە هەموو ڕۆحی گاڵتەئامێزە بە شتەکان، جۆرێکە لە سێنیکەیەکی / Zyniker Cynic کە هیچ مۆدێلێکی ژیان نەماوە گاڵتەی پێ نەکات، هیچ مۆدێلێک نەماوە ئەو لێی بێزار نەبێت یاخود نەکەوێتە







بەردەم گاڵتەئامێزانەی ئەو. ڕاستە هەموو سێنیکەیەک بەشێکی زۆری لە لامسەلایی تێدایە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نابێت ئەوەی بەسێنیکەیەک پێناسەی دەکەین، تەنها کەسێک نییە گاڵتە بە پڕنسیبەکان بکات، بەبێ ئەوەی خۆی لە نێو پڕنسیبەکانەوە نەهاتبێت. بەمانای بەشدارە لە هەموو کون و کەلەبەرەکانی مۆڕاڵی هەبوو، ئەخلاقی باوی پێ قووت ناچێت، یاساو ڕێساکان زۆر زوو بێزاری دەکەن، ئەو مۆدێلی سێنیکەیەی لەم شیعرانەدا دێت و دەچێت، تەواو جیاوازە لە هەموو ئەوانەی لەوەبەر خۆی، چونکە کردەی شیعریی تەنها لە چوارچێوەی ئیرۆنی قەتیس ناخوات، بەڵکو خۆی ڕادەکێشێت بۆ نێو ئەو کۆمیدیا ڕەشەی کە لەبەر چاوی ئەودا هەڵدەسووڕێت. منی شاعیر لەم قەسیدەیەدا لە زۆربەی ڕۆژەکانیدا تەنها دەربڕینە لەو کۆمیدیا ڕەشە، چونکە ئەو کۆمیدیای ڕەش پێک ناهێنێت، بەڵکو تەنها تەعبیرە لەو کۆمیدیایەی لە بەردەمیدا هەڵدەسووڕێت. لە هەندێک شوێندا بەشدار نییە لە هیچ شتێکدا و تەنها بەبێلایەنی گاڵتەئامێزە بەرامبەر شتەکان.

**نەفرەت... نەفرەت لە تەوقی سەرم**

**کە ناتوانم ئەمشەو ببم بە سەگێک و**

**هەموو دنیا بەوەڕین بێزار کەم**

**نەفرەت لە سەراپای تەمەنم،**

**کە هەوڵم نەدا......**

**بێ ئەندازە گلاو بم، گلاو بم... گلاو**

**بۆ ئەوەی کەون بەدەرم کەن**

(ساڵێک لە نیگەرانی... بەرزان هەستیار)

ئەم گاڵتە ئامێزییە و ئەم نەفرەت و حەزکردن بەوەڕینە، ئەو ڕۆحە گاڵتەئامێزەیە کە قەسیدەکە لە نێو خۆیدا هەڵیگرتووە. ئەو ڕۆحەیە کە (بەرزان) لەم دواییەدا بەسەریدا کەوتووە، لەم قەسیدەیەدا و لە نووسینەکانی ئەم دوایەی، ئەو قەسیدانەش کە لەسەر نێت و لاپەڕەی ڕۆژنامەکان بڵاوی کردووەتەوە، ئەو ڕۆحە سێنیکەیەی بەتەواوی بەرجەستە کردووە. شاعیر چەندە دەیەوێت نابەشداری خۆی ڕابگەیەنێت، ئەوەندەش هەست بەو ئەزموونە بەئازارە دەکەین کە ئەوی کردووە بەگاڵتەکارێک، بەسێنێکەیەک لە بەرامبەر هاوکێشەکانی دنیای تازە.

٨

سێنیکار، لە وشەیەکی کۆنی گریکی (کینیکەر Kyniker)ەوە هاتووە. ئەو کەسەیە کە سەرەتا ئیدیالست بووە، پاشان گاڵتە بەهەموو ئیدیالێک دەکات کە لە بەردەمیدا قووت دەبێتەوە. ئەم گۆڕانە مەترسیدارە لە ئیدیالیستەوە بۆ سێنیکارێک، بەئەزموونێکدا تێ پەڕیوە کە یەکێکی وەک (پیتەر سۆلتێرژک) بە(ئەزموونێکی بەئازار)ی پێناسە دەکات. ئەم خودە هەروا سێنیکانە لە ژێر سێبەری ئیرۆنییەتدا، گاڵتەئامێزانە بەنێو ڕاڕاوەکانی ژیاندا تێ ناپەڕێت، تاوەکو لە ئەزموونێکەوە نەهاتبێتە دەرەوە. ئەزموونێک کە گومانم لەوە نییە، ئەزموونی خودێکی هوشیارە لە نێو جیهاندا، لە نێو زانینەوە خۆی فۆرموله کردووە و شێوە ژیانێکی گاڵتەئامێزانەی بەنۆرم و پرنسیبە هەبووەکان بەسەر دەبات. لەوانەیە ئەو قسەیەی (ئادۆرنۆ) لەم ساتەدا خۆی ئامادە بکات، بەوەی، ئەو بەژیانێکی هەڵەوە



بەستراوە، چونکە (ژیانی ڕاستەقینە بوونی نییە)!. چرکەساتی شیعری بەدەر نییە لەم ڕۆحە پڕ لە گاڵتەیەی کە بێزارە لە ئەقڵانییەتی سەردەم، چونکە ئەقڵانییەت وەک ستراتیژێکی ژیانی لێ هاتووە، بووەتە نەخشەکێشانێکی هەموو شتێک کە پراکتیزە بکرێت و لە لۆجیکدا بوونی هەبێت، هەموو شتێک لە هاوکێشەی ماتماتیکی و ئەلکترۆنی و هاوکێشەی بازاڕدا جێگەی بێتەوە، ئەوا ئەقڵانییە و ئەوەش ژیانە!. ئیدی حەزەکان، ئارەزووەکان، خەونەکان، ئیلهام و ڕۆحانییەت و ئیستاتیکا و هەڵبژاردن و تووڕەبوون و پێکەنین و هەموو شتێک نێزیک بێت لە هەڕەمەکیەت و کرانەوەیی مرۆڤ بەسەر جیهاندا وەک تاکڕەوێکی خەوبینەر، وەک خەوبینەرێک بەیۆتۆبیاوە، لە ونبوودایە. هەموو شتێک لە نێو زانین و زانستدا قەتیس بووە، هەموو شتێک لە نێو لۆجیکی تایبەتدا نەخشەی بۆ کێشراوە، هیچ شتێک نییە خاوەنی لۆجیکی ئازادی خۆی بێت کە لە سروشتی خۆیەوە سەرچاوەی گرتبێت. هەموو شتێک لە نێو ستراتیژییەتێکی ئەقڵانیدا خول دەخوات. فەرمانبەرەکانی ئەقڵانییەت ئەم دنیایەی ئێمەیان کردووەتە گۆڕەپانی ڕۆتینکردنی ژیانێکی ترسناک. لێرەوە سێنیکەر دێت و دەڵێت: بەپێچەوانەی ئێوەی ئەقڵانییەتی شتەکانەوەم، چونکە ستراتیژی ئەقلانیی ئێوە کێشەکانی دنیای قووڵتر کردووەتەوە بەڵام چارەسەری نەکردووە... لەوەتەی ئەقڵانییەت بووەتە ستراتیژی ژیان، ئێمە بەردەوام لە نێو جەنگی بێ ئاماندا ژیان بەسەر دەبەین. جیهان چیدی بڕوای بەو تێزە نامێنێت کە زانین و ئەقڵ کلیلەکانی خۆشبەختین، (سلۆتێرژیک) گوتەنی: لە ڕاستیدا کەس لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا بڕوا بەوە ناکات کە زانست کێشەکانی سبەینێمان چارەسەر دەکات... لەم گۆشەنیگایەوە شاعیر خودێکی سێنیکاری

گاڵتەئامێزە لە بەرامبەر دنیای نوێ. ڕۆژمێرەکەی لە هەموو ڕۆژێکدا ئێمە لە نێو ئەو گاڵتە جاڕییەدا گێژ دەدات، گاڵتەجاڕییەکە زۆر جار دەمانگەیەنێتە سەر لێوارەکانی پووچێتیی دنیا.

٩

لەم بەرەبەرەیەت و گاڵتەئامێزانییەوە، فیگۆری ئەکرۆبات لە نێو کایەکانی ئەدەبدا ئامادە دەبێت. ئەکرۆباتێک کەلە نێوان ڕەشبینی و گاڵتەجاڕیدا یاریی خۆی دەکات. ئەکرۆباتێک ئەوەندە گاڵتەجارە، ئەوەندەش لەخودی خۆیدا غەمبارە. چەندە دەتوانێت بەسەر پەتی ڕایەڵکراوی سێرکەکاندا بێت و بچێت و پێکەنین بهارووژێنێت، بەقەد ئەوەندەش دەتوانێ چرکەساتی بێدەنگی و دڵەخورپە بەرپا بکات. بەم شێوەیە ئەکرۆبات گاڵتە بە ساتەکان دەکات و لەهەمان کاتیشدا ساتەکانی ژیانیش گاڵتە بەقەدەری ئەو دەکەن. بەربوونەوەی ئەکرۆبات و مەرگی وەک کارێکی ئاسایی سەیر دەکرێت نەک وەک ڕووداوێکی گەورەی دڵتەزێن، چونکە کاری ئەکرۆباتەکان ئەوەیە لەسەر پەتی سێرکەکانەوە بەربنەوە خوارەوە!. ئەوەندەی کارە، ئەوەندە تراژیدیا نییە، چونکە هەریەکێک لەئێمە چێژ لەو نمایشە مەترسیدارانە وەردەگرین، بێگومان گەر هاتوو دەرئەنجامەکەی بەربوونەوەی ئەکرۆباتەکانیش بێت بۆ نێو بۆشایی مەرگ. لێرەوە ئەکرۆبات ئیشکالیەت ئامێزە بەهەموو ئەم دووریانەوە، چەندە دەبێت خاوەنی ڕۆحێک بێت ئێمە بخاتە پێکەنین، دەبێت لە هەمان کاتیشدا توانای نیشاندانی یاریی مەترسیداری هەبێت لەگەڵ ئاگر و بەرزایی و جینگڵبازی لەگەڵ تۆپ و بازدان بەسەر کورسی و تێپەڕبوون بەنێو ئاگردا، هەندێکیان لە سێرکەکاندا یاری لەگەڵ شێرەکاندا دەکەن،





سەریان دەخەنە دەمی شێرەکانەوە. هەندێکیان بەر قەپاڵی پڵنگە دەستەمۆکان دەکەون و بۆ ئەبەد تووشی ئیفلیجی دەبن، هەندێکیان بەو یاری ئاگرانەی خۆیان دەموچاویان بۆ هەتایە دەشێوێت. هەندێکیشیان وەک ئاماژەم پێ دا بەئاسانی لە تەقلەیەکدا بەردەبنەوە و دەمرن... چیرۆکی ئەکرۆباتەکان، چیرۆکی سەرکێشی و گاڵتەجاڕی و لێبوکی و قەشمەرێتییە بەجیهان. ئەوانە بڕیاریان داوە تەنها بەو شێوە ترسناک و گاڵتەجاڕییە بەنێو جیهاندا تێ پەڕن.

شاعیر لەم جیهانی پۆست کاپیتاڵ و گڵۆباڵە ئیکۆنۆمییەدا، ئەو ئەکرۆباتەیە بەردەوام بەسەر پەتە ڕایەڵکراوەکانی ژیانی ئێمەدا تێپەڕ دەبێت، بۆ هیچ نا، تەنها بۆ ئەوەی ئەوەمان وەبیر بهێنێتەوە کە جیهانی ئێمە لە بەشێکی زۆریدا لە نێو ئەو دووریانەدا خول دەخوات کەئێمە پشتیان تێ دەکەین. جیهانی ئەو تەنافانەی کە تەنها بۆ جل هەڵخستن نین، بەڵکو بۆ چێژی تاقیکردنەوەی ئەو دڵەڕاوکێی و ترس بەزاندنەیە بەرامبەر هەموو شتێکی چەسپاوی هەبووی وەک (پرنسیب و مۆراڵ و ئاین و نەریت و تەقلیدەکان و ئایدۆلۆژیا و نەتەوە و.... هتد. لە ئەکرۆباتەوە فێر دەبین کە چێژی تێپەڕبوون بەسەر تەنافە ڕایەڵکراوەکان، چێژی سەرکێشی و هەڵگەڕانەوەیە بۆ زیاتر خۆ ئازادبوون. ئەکرۆبات فێرمان دەکات کە دنیای بەربەڕی پۆست کاپیتاڵ و بەئامێربوونمان لە قەوارەکاندا، ژیانێکی بێهوودەیە لە بەرگی خۆشبەختییەکی درۆزنانەدا، لە ئەکرۆباتەوە فێر دەبین لەگەڵ چرکەساتی داهێناندا بژین گەر هاتوو زۆر کورتیش بێت، داهێنان و ئیلهام و دۆزینەوەی دووریەکانی پێکەنین و گریان و یاریکردنە لەگەڵ جیهاندا... ئەمە ئەو دەرسە بێ ئامانەیە، کە لە ئەکرۆباتەوە فێری دەبین.

## ١٠

بەرِبەرِیە ئەو دنیایەی ئەکرۆباتەکان ساتەکانی ئیلهامان بیر دێننەوە، ئەو ساتەی پێی دەڵێن ئیلهام، ئەو ساتەیە کە ئەمرِۆ لە ژیانی ئێمەدا ون بووە. ئەوە بەرِبەرِیەتی دنیایە کە وا لە شیعر دەکات پەلاماری بەرِبەرِیەتی وشەی خۆی بدات و سێنکارانە گاڵتە بەهەموو ئەو لۆجیکانە بکات، ژیانی ئێمەیان بەسەر فراگمێنتی بچووک و پێناسەکراودا دابەش کردووە. شیعر لە ساردیی چەمکەکان دەمانپارێزێت، لە چەمکەکانی سیاسەتەوە بیگرە تاوەکو ئەو میتۆدانەی دنیای ئێستا دەخەنە بەردەم پرِگاڵی شیکارکردنی هاوکێشەکانی نێوان دەسەڵات و خەڵک و کۆمەڵگە و پرِنسیب و مۆرِاڵە قەدیمە ونوێیەکان. ئەوە شیعرە لە نێو ئەم هەموو لۆجیکانەدا، دەمانگەرِێنێتەوە بۆ ئاودیو بوون لە نێو ئیلهامدا، لە نێو سروشی خەیاڵ و تێگەیشتنێکی دیکە بۆ ژیان. ئۆکتافیۆ پاز دەڵێت (مرۆڤ پلورالیەت و دیالۆگە)..ژیانیش بەبێ ئیلهام مانای ژیانە بەبێ شیعر. ژیانیش بەبێ شیعر مانای ژیانە لە نێو دەستبەسەرییەکی ئەبەدیدا. شیعر نایەوێت لە دنیا حاڵی بێت، بەڵکو دەیەوێت بەئاسانی دنیا لەو حاڵی بێت، چونکە دنیا دەمێکە رِۆحی خۆی ون کردووە.

ئەم ئەکرۆباتە دەیەوێت هێزی سەرکێشی و چێژ بەجیهان ببەخشێت، رِۆحێ پێ ببەخشێت بۆ ئەوەی لە سیبوونەوەی رِۆژەکان بیپارێزێت..شاعیر نەک هەر ونە لەم ئەزموونەی (بەرزان هەستیار)دا بەڵکو بەردەوام بەختەوەرە بەونبوونی خۆی لەسەر رِایەڵە نهێنییەکانی سەرکێشی. شیعر گەرِانەوەی ئیلهامە بۆ ژیان، بۆئەوەی هیچ





ساتەوەختێکی خۆشبەختی نەژمێرین، بەڵکو لە ساتەکاندا بژین وەک خۆیان. وێنەی شاعیر لەم قەسیدەیەی بەرزاندا، وێنەی ئەو زۆرانبازییە سەختەیە کە ئیلهام لە دنیای ئێمەدا پێوەی دەتلێتەوە. پاز دەڵێت: (مێژووی شیعری مۆدێرن، قەیرانە لە نێوان پەرتبوونی بەردەوامی شاعیر لە نێو جیهانبینییە مۆدێرنییەکان و دواخستنی بێوزاکاری چرکەساتەکانی ئیلهامدا.... ).

ئەم قەسیدەیەی (بەرزان هەستیار)، چرکەساتی شەرِی بەردەوامە لە نێوان ژیانی نێو کۆمەڵگەی پۆست کاپیتاڵی و ژیانی شاعیردا، چرکەساتی زۆرانبازییە لە نێوان ئیستاتیکا و دنیای ماتریاڵی بوون و شمەکخۆریدا. ئیدی دەبێت بەردەوام ئیلهام دوابخرت بۆ رِۆژێکی دیکە. لەم نێوانەدا پەرتبوون و غەمباری و نشوستییە فەردییەکان و بەریەککەوتنەکانی رِۆژانە ژیان لەگەڵ دنیای تەنها بینراوی رِووکەشییە تێپەرِەکان، ئەو بەرِبەرِیەتەیە کە دژی ئیلهام و سروش و هەرِەمەکییەت وئیستاتیکای شیعرییە. چار نییە جگە لەو سەرکێشییە نەبێت کە سەفەری ئەکرۆباتی شیعرییە بۆ نێو دەمی ئەو شێرانەی رِۆژێک دێت و ئەم سەرکێشییە کۆتایی پێ دێنن، بەڵام زۆر ناخایەنێت کە ئەکرۆباتێکی دیکە بەقاقا و گاڵتەجارِییەوە، وەحشییەتی شێرەکان و بەرِبەرِیەتی دنیا دەکەنە ئیلهامبەخشی پێکەنینێکی دیکە.... ئەو ئەکرۆباتە هونەرمەندە بەهەموو رِەنگەکانییەوە...

نورنبێرگ ١٧-١٠-٢٠٠٧

## سەرچاوەکان

1- Octavio Paz. Essay1. Suhrkamptschenbuch.1984

ئۆکتافیۆ پاز: هەوڵدانەکان ١ (تێزەکان). چاپخانەی سورکامپی ئەڵمانی ١٩٨٤

2- Octavio Paz Essay2. Suhrkamptschenbuch.1984.

ئۆکتافیۆ پاز: هەوڵدانەکان٢ (تێزەکان). چاپخانەی سورکامپی ئەڵمانی ١٩٨٤

3- Peter Sloterdijk: Krirtk der zynischen Vernuft Suhrkamp .

پیتەر سلۆتێرژیک: ڕەخنەی ئەقڵێکی گاڵتەئامێز (سێنیکارانە). سورکامپی ئەڵمانی ١٩٨٣

٤- بەرزان هەستیار. قەسیدەی (ساڵێک لە نیگەرانی).





ڕوونکردنەوەیەکی پێویست:

پێم باشە خوێنەرانی خۆشەویست لەوە ئاگادار بکەمەوە، کە ئەم قەسیدەیە پێشتر و بەش... بەش، لە هەندێ سایتی ئینتەرنێتدا و چەند بەشێکیشی لە ڕۆژنامەکاندا لە ژێر ناونیشانی "چەند ساتێکی نیگەرانیی ئەنووسمەوە"دا بڵاو کراوەتەوە، بەڵام پاش تاووتوێکردن وام بەچاک زانی ناونیشانەکەی بکەم بە "ساڵێک لە نیگەرانی ".

٢٠٠٦/٧/١٦:

نیگەرانترین پیاوی ئەم کەونە منم،
بۆیە ئەگەر چاوێکم جورئەتی کرد.......
بۆ کەروێشکە خەوێک لابداتە قەراغ ڕێ
چاوەکەی ترمی لێ ڕائەسپێرم......
کە بەیەکەوە دانیشتن ڕووی پێڵاوەکەی تێ بکات
بۆ ئەوەی بزانێت چەند خائین و شەرمەزارە!!!!
بەدبەختترین مەخلووقی ئەم کەونە منم
بۆیە ئەگەر کچۆڵەی وشەیەکم......
بەجلێکی نیوە ڕووتەوە
بێ عار... بێ عار سەمای کرد
بەڕستە مەلوول و غەمگینەکان ئەڵێم
تف... تف...تفێکی خەستی لێ بکەن
تا بزانێت حورمەتی کەسێکی تازیەبار بگرێت!!!
تاوانبارترین کوژراوی ئەم سەر زەمینە، منم،
بۆیە هەموو تووتییەکان فێر ئەکەم
ئەوەی ڕەحمەتی بۆ ناردم
جرتێکی درێژ... درێژی بۆ لێ دەن!!!!





٢٠٠٦/٧/١٧:

نە، لە بیرکردنەوەدا ئەگەمە ماڵی نەورەسێک
لەگەڵ خۆی بمباتە سەر دەریا......
بۆ ڕاوی هەتاو؛
نە، ئەو چاکەتە بۆرەی دوودڵییش فڕێ ئەدەم
کە تارماییەکی نەناس......
بەزۆر داویەتی بەسەر شانما!
بۆیە پێش ئەوەی جەستە لانەوازەکەم تەسلیم کەمەوە
وەها ماندووی ئەکەم، کەس نەیناسێتەوە و
خوداش بە بەندەی خۆیی قبووڵ نەکات

***

لە جەنجاڵیدا بیر لە تەنیایی ئەکەمەوە
تا ئەبم بەژێر دەست و پێی......
ئاپوورەی نێو کۆڵانەکانی " بوون "ەوە!!
پەل بۆ سێبەری لقە پڕ میوەکان درێژ ئەکەم
هەتا ئەبم بەژێر هەرەسی فانتازیاکانی خۆمەوە؛
بەهەر لایەکیشدا بچم......
کلیل، بەمدیوی دەرگای دڵمەوە جێ دێڵم
تاکو لە بەرائەتی خۆمدا ئەکوژرێم!

۲۰۰٦/۷/۱۸:

چاوەڕوانی، تەیرێکە، هەمیشە......
لە بێزاریدا دیواری دڵم ئەکات بەبێژنگ،
بەردەوامیش،......
بێ ئومێدی، سەنگ تاشێکە......
ئەمکات بەپەیکەرێکی بێ گیان،
بەڵام ئەمشەو، بێ ئومێد چاوەڕێی شتێکم و
کەچی تەیرەکە نووستووە و
سەنگ تاشەکەش بەئیسراحەت پاڵی داوە بەتاشە بەردێکەوە

***

پێویست بەنیگەرانی ناکات کە ڕۆیشتیت،
هەر بەئاستەم ڕوویەکم لێ گرژ بکە
ئیتر من تێ ئەگەم....
"جەنابی تۆ کە دەرکەوتیت، ئەبێ تەشریفی من بڕوا"*

* مەحوی.





۲۰۰٦/۷/۱۹:

قەقنەسم،
بەڵام لە خۆڵەمێشی خۆمدا....
بەئێجگاری ئەنووم؛
تاوانبارێکی زۆر سەیرم،
لە سێبەرەکەی خۆم بەو لاوە......
دەستم ناچێتە خوێنی کەس

***

عەشق وەک دۆزەخ داگیری کردووم،
ئەوەی ڕۆژێک خۆشم ویستبێت......
ناهێڵم نەفرەتی هیچ خواوەندێکی بەرکەوێت!

***

تۆ، کە نەمهێشت لە خۆشەویستیم تێر بیت
باکی ئەوەم نییە......
وەک شەیتان بەردبارانم کەیت،
یان نەهێڵیت دەستم بگاتەوە دەسرۆکەی سپی عیشقەکەت

٢٠/٧/٢٠٠٦:

نیگەرانی، ماڵێکی پێ بەخشیوم
زەنگی سەر دەرگاکەی ئەوەندە نزمە
دەستی هەموو کەسێکی پێ ئەگات

***

بەیانیان لە دوای بەرچایی......
مژێک لە جگەرەکەم ئەدەم و
هەموو خەونەکانی شەوی ڕابوردووم
لە ژێر باڵی ئەو دووکەڵە خەستەدا ئەبینم،
خەونە خۆشەکان بەر لە پەرتبوونی دووکەڵەکە
لەسەر سەرم ون ئەبن و
ئەوانی دیش بەرئەبنەوە گیرفانم

***

ئەگەر ویستت پیاوێکی نیگەران......
وەک دێڕە شیعرێکی سەقەت بسڕیتەوە
کە گۆرانی وت، گوێی لێ مەگرە،
کە بێ دەنگیش بوو، هەراسانی کە

***

خوێناویترین شەڕ ئەو کاتە دەست پێ ئەکات
کە یەخەی خۆم ئەگرم و
کەس نییە لێکمان کاتەوە





٢١/٧/٢٠٠٦:

لە منداڵ ساویلکانەتر لە شتەکان حاڵی ئەبم
بۆیە کە بەهەڵوەرینم پێ ئەکەنیت
وا ئەزانم نوکتەیەکی تازەم گێڕاوەتەوە

***

کارتۆنێکی بەتاڵ،
ڕەشەباکەی "سلێمانی " ئەیکێشێت بەدار و بەردا
ئای، بەخت چەند یاوەرێتی ؛.
من، قتووی قووپاوی دڵم لەو شەقامە فڕێ داوە....
کەسێک نییە شەقێکی تێ هەڵبدات و
لە دەنگی خلبوونەوەکەی بەئاگا بێم!!

٢٠٠٦/٧/٢٢:

ڕاکە... ڕاکە... ڕاکە
ئاوڕ مەدەرەوە من لە کوێم
ڕەنگە من پێش تۆ......
ترس ڕفاندمی بۆ ئەو سەر
زۆر لە دوای تۆش......
بگەڕێمەوە سەرەتا !!

***

"باز "ێک لەسەر شانم نیشتەوە
هەر لەوێدا باڵەکانی بوون بەمۆم ؛
بێهوودە خۆتان ماندوو ئەکەن
تازە من بۆ هەتا... هەتا......
پاشای بێ عەرش و
خوداوەند بێ مەخلووق و
پێغەمبەری بێ پەیام
غەزەب لە "خۆم"ی بێ ڕەعیەت و
"خۆم"ی عەبدی ڕووڕەش ئەگرم





٢٠٠٦/٧/٢٣:

خۆپەرستی ئەوەیە کە جێت هێشتم
ڕێم پێ نەدەیت چراوگێک هەڵبگرم و پێشت کەوم
تا بەشوێن پێکانی تۆدا
یەکەمین خاڵی هەڵهاتن بدۆزمەوە

***

هەموو شتێک قبووڵ ئەکەم
بەمەرجێک لە ژێر هەورێکا جێم بێڵێت
ئاوس بێت بەبارانی بیرەوەرییەکان

٢٠٠٦/٧/٢٤:

دواجار لە شوێنێک سەر دەردێنم
مرۆڤەکان دوو چاو و
دوو دەست و
دوو قاچ و
یەک دڵیان هەیە
منیش نە چاو و
نە دەست و
نە قاچ و
نە دڵ،
خاوەنی تاکە شتێکم، پێی ئەڵێن...
سەراسیمەیی!!!!





٢٠٠٦/٧/٢٥:

کە دڵتەنگی ئەمکاتە هێشووە ترێیەکی گەنیو
ئیتر لەوپەڕی دنیاوە
شارە زەردەواڵەی ورووژاو....
وەک بۆنیان پێوە کردبم،
دێن و بێ ڕەحمانە، خاڵیم ئەکەنەوە لە تەڕی

٢٠٠٦/٧/٢٦

سۆزم بەرێ، هەر کات گڕەی نیگەرانی
ڕێی کەوتە ڕەزی ڕۆحت،
بانگم کەیت چەترێکت بۆ هەڵدەم
بەقەد کەون، هەموو کەون، فراوان بێت؛
سۆز بێت، منیش، ئەگەر لەسەر نووکی پەنجەش
نیگەرانی بەبەر دەرگامدا تێ پەڕێت
ڕەشماڵێک هەڵئەدەم، گەورە
گەورە هێندەی هەموو ئاسمان،
بۆ ئەوەی ونم کات لە تۆ!!

***





٢٠٠٦/٧/٢٧:

ئەمەوێت لە خۆم تێ بگەم،
پەڕەسێلکەم و گوێسەبانەیەک نابینمەوە
هێلانەیەکی لێ چێ کەم؟
یان منداڵێکی چەقاوەسووی " مەڵکەندی"م و
لە قرچەی نیوەڕۆیەکدا......
بەردە فڕکێمە لە دووی پاسارییەکان؟؟

٢٠٠٦/٧/٣١:

کەرت... کەرت...کەرت بووم

نامەوێ خۆم کۆکەمەوە

نەوەک پارچەیەکەم ون کەم

***

شێت...شێت...شێت بووم،

ناگەڕێمەوە لای ئێوە

نەکا ببمەوە بەئاقڵێکی دەبەنگ،

یان فەیلەسووفێکی ڕەنج خەسار!!





٢٠٠٦/٨/١:

کە باوەشم پێدا ئەکەیت

ترسێک لە زەرداوی مردن سامناکتر......

لە دەموچاوم ئەپرژێت ؛

ئەگەر دوورکەوتنەوە،......

لە گلێنەکانی خۆمان نزیکتر نەبێت لێمان،

بۆ ناتوانین چاوێک لە یەکتر غافڵ کەین!

***

ڕقم لێتە،

چونکە ناهێڵیت لەگەڵ خۆم بتکوژم،

خۆشم ناوێیت،

چونکە لەگەڵ خۆت نامکوژیت

***

بەدبەختم، گەر وا بزانم......

لەودیو تەیمانی ماڵەکەتەوە

جێگەیەک هەیە بۆ پیاسە،

نەهامەتییە وا تێ بگەیت......

بەختەوەری، ماشێنێکە و

تەنها لەبەر قاپییەکەی منا پێی ئەگەیت

٢٠٠٦/٨/٢:

بیر لەوە مەکەرەوە جێت بێڵم

من هەنگاوم بیرچۆتەوە،

زیرەکیی تۆ لەوەدا بوو......

قاچەکانت بڕیمەوە،

ئاقڵیی من لەوەدا بوو

کە هاتمە لات، تەواو...تەواو خۆم لە بیر کرد





٢٠٠٦/٨/٥:

تۆ ئازادیت لە کوێوە ژەهری نیگەرانی

ئەڕێژیتە بن گوڵە هێرۆی هەموو ساتەکانمەوە

منیش سەربەستم لەوەی....

دەم لەو ژەهرە شیرینە بەر نەدەم

:٢٠٠٦/٨/٦

لەم سەر زەمینە ئەوەندە گوللە تەقیوە

کەس خوێنی خۆی ناناسێتەوە،

لە کەللەسەری منیشدا......

ئەوەندە خەیاڵ کوژراوە

یەکەم تاوانی خۆمم بیر نایەتەوە!

***

درەنگ، یا، زوو،

شتێک لە ژوورەکەمدا ئەقەومێت،

یان پڕ ئەبێت لە یاقووتی " مەحاڵ "،

یان خاڵی ئەبێتەوە......

لە تەنەکەی ژەنگاویی " ژیان "





:٢٠٠٦/٨/٨

فێری گەلێک شتت کردم، ئەوە نەبێت

چۆن خۆم لە پەتای عیشقت بپارێزم،

هەموو شتێکت بیر بردمەوە، ئەوە نەبێت

چۆن نەهێڵم، عیشق ئێواران......

خۆی بکات بەودیوی " کەل "دا

***

کە بۆت کرا، ساتێک فەرامۆشم کەیت

ئاسانە بۆت، ئەو کووخەیش ئاگر تێ بەردەیت......

کە هەموو تەمەنم لە ژێردا شاردۆتەوە،

ئاسایە تاوڵی ئەو ڕەشماڵەش بشکێنیت....

کە ئەڤین لە سایەیدا ئەحەسێتەوە

***

نەفرەت... نەفرەت لە تەوقی سەرم

کە ناتوانم ئەمشەو ببم بە سەگێک و

هەموو دنیا بەوەڕین بێزار کەم

نەفرەت لە سەراپای تەمەنم،

کە هەوڵم نەدا......

بێ ئەندازە گلاو بم، گلاو بم...گلاو

بۆ ئەوەی کەون بەدەرم کەن

:٢٠٠٦/٨/١٢

تاتەشۆرێک ئاوی لێ بچۆڕێت،
دارە مەیتێک بەسەر شانی کۆمەڵێک مەینەتبارەوە،
کفنێک سوور... سوور؛
شکۆفەیەک ئەو دەمەی ئەپشکوێت،
تریقەیەک، لەو ساتەیدا زارۆیەک خەنی ئەبێت،
تۆ کامیانت پێ جوانترە؟
کامیان زۆرتر شۆڕبوونەتەوە......
بەسەر گوێسەبانەی تەڕی ڕوانینتا؟!!
من خۆم، چاوم مەگەر گۆڕستان پڕی کاتەوە،
هەواڵ، مەگەر لە زێوانێکەوە ببیستم،
نیازمە لە گۆڕهەڵکەنێکیش......
سواڵی مەئوایەکی بچکۆلە بکەم





:٢٠٠٦/٨/١٧

هەر کات بتەوێت چارۆکە ئەپێچیتەوە و
هەر سات مەیلت بوو ئاوڕێکی ڕووناک
لە حوجرەی تاریکم ئەدەیتەوە؛
لەوە دڵنیایت قفڵێک شک نابەم
هیچ دەروازەیەکی پێ داخەم،
پشت ڕاستیت لەوەی......
ماڵەکەمت لێ ون نابێت،
بەرێچکەی مێروولەکانی هاوڕێما ئەمدۆزیتەوە،
بەگڵۆپە شکاوەکەی بەر دەرگاکەما ئەمناسیتەوە

٢٠٠٦/٨/١٨:

دەمم گۆ ناکات بۆ پرسیار
چونکە بێ وەڵامی لاڵم ئەکات،
با لە ئێستاوە زمانم لە زارما لوول کەم
پێش ئەوەی تۆ......
لە بێ دەنگیتا مەحفم کەیتەوە

***

شتێک لێرە ڕای گرتووم
با هەر خۆم و خۆت بیزانین،
ڕەنگە هین بێت،
چی پێ ئەڵێن؟؟
ببوورە خۆشم نازانم،
بەڵام تۆ باشی ئەزانیت!!

***

دەبەنگ، ئەوەیە لە کارمامزی مردن هەڵدێت
کاتێک هێندەی کونە دەرزییەک......
دەرفەت ئەمێنێتەوە بۆ ژیان؛
ئاقڵ، ئەو کەسەیە لە ژیان نابێتەوە......
کاتێک ئەوین هەموو دنیای لێ ئەتەنێت





٢٠٠٦/٨/١٩:

خۆشە، مەلەکردن لە دەریایەک پشکۆدا
کە ئاو، تەنها هەڕەشەی خنکانت لێ بکات،
ئاسایە، پەنا بۆ بەفر بەریت گەرمت کاتەوە
کە ئاگر، تەنها بەچاوی سووتان تەماشات بکات

***

٢٠٠٦/٨/٢١:

بەخیلی بەدڵڕەقیی ئاسن و
نەرم و نیانیی پەموو ئەبەم،
ببم بەهاوەڵی کامیان!
بڵێی بکرێت هیچیان لە خۆم نەڕەنجێنم؟؟

***

هەر زوو سڵاوم سەندیتەوە
بەبێ ئەوەی بزانم...
وەڵامی دوعاخوازییم ئەدەیتەوە یان، نا،
بەبێ ئەوەی لێت بپرسم......
ئەم شەیدابوونە لە کوێوە تەڕی کردیت،
بەبێ ئەوەی کەمێک لە خۆم ورد ببمەوە و
بزانم، بۆ تۆم لەگەڵ شیعرا لێ تێکچوو







٢٠٠٦/٨/٢٤

بۆ بەهارێکیش بێت......
ئەگەڕێمەوە گوندەکەم،
ئەو گوندەی نە جوگرافیای ئێوە ئەیناسێت و
نە منیش توانیم بستێک لەم کەونە بەڵەد بم؛
ئەچمەوە ژێر بنمیچی خانۆچکە فێنکەکەی خۆم و
بەر هەیوانی ڕۆحم ئاوڕشێن ئەکەمەوە؛
ئێمە لەوێ، جەژنان گەردن ئازادیی لە یەک ناکەین،
پیاوان نانێرین بۆ سوڵح،
لە مزگەوت پێڵاوی یەکتر نادزین،
سوێند لەسەر نرخی کیلۆیەک تەماتە ناخۆین،
ژنەکانمان لە موبەق نان ناخۆن و
منداڵەکانمان لە شەرما میز ناکەن بەخۆیانا،
بۆ دۆزینەوەی نەخشەی ماچێک
وەک سەگ، بۆن بەدەمی کچەکانمانەوە ناکەین،
ئەڕۆمەوە بۆ گوندەکەم،
بای... بای پیاوە نەخۆشەکان،
بای... بای ژنە کلۆڵەکان،
بای... بای سەرزەمینی گەنیو

٢٠٠٦/٨/٢٨:

پێم لە مێروووڵەیەک نا
ڕەنگە ڕۆحی خواوەند تیا بووبێت
گەر وابێت، لە شەیتان نەفرەتاویترم،
هەنگێک پێوەی دام و خۆی مرد؛
لە جەللادێک خوێن تاڵترم
بۆ هێشتم لە خوێنی منا بخنکێت؟
بۆ پێش ئەو، خۆم.......
لە کلۆری داری مەرگا نەشاردەوە؟

***

دەنگ هەڵمەبڕە،
نەک بەختەوەری بەئاگا بێ و
لەم ساکە دەشتەی ڕۆحمدا....
لە ترسانا ناوی خۆی بیر بچێتەوە!





٢٠٠٦/٩/٩:

هەتا ئەتوانیت ماچم کە؛
تاکو ئەمرم ماچت ناکەم،
کەی ئەتەوێت بمخەرە نێو ئامێزی خۆت؛
قەت ناهێڵم لە باوەشما گەرم بیتەوە،
هەموو لەزەتێک، با لە تۆوە دەست پێ بکات و
لەبەر پێی تۆشدا شین ببێت،
هەموو حەسرەتێک،
با لە دیواری دڵی منەوە سەر بکات و
لە کەناری خوێنی منیشەوە......
پەل بۆ نهێنییەکانی نەمری بهاوێت

٢٠٠٦/٩/١٢:

ناوم " بەرزان "ە،

ئیدی بڕوا بەهیچی ترم مەکە؛

ئاردی نێو دڕکم،

داهۆڵی باخێکی دوورە دەست،

سەماکەری نێو هۆڵێکی چۆڵوهۆڵ،

هەرچی هەم، تۆ گوێم پێ مەدە

درۆ ئەکەم،

ئەزانی درۆ چەند خۆشە......

کە ڕاستییەکان لە هاوارێکی شکاو بەولاوە، چیتر نەبن!!





٢٠٠٦/٩/١٣:

بێ ئەقڵ ئەو کەسەیە......

زویر ئەبێت کە پێی بڵێن شێت،

زانا ئەوەیە......،

لەبەر بارانی شێتییدا ڕائەکشێ و

خۆی ناخاتە بەر هەتاوی ئیفلیجی......

ئاقڵە دەبەنگەکان!!

٢٠٠٦/٩/١٥:

باوکم مرد؛
دوێنێ "ماریا " بەدەم قوڵپی گریانەوە
وای بەسەگە سپییەکەی وت؛
باوکم مرد؛
سبەی، " زەنوێر " کەس شک نابات......
ئەو ڕستە کورتەی پێ بڵێت!!!!





٢٠٠٦/٩/٢١:

ئەڵێی سێوێکین و نەکراوین بەدوو لەتەوە،
یان دوو بانیژەی چۆڵوهۆڵ،
دوو ماری ئاشقە و ماشقە،
جووتێک ئەستێرەی بێ شەوق،
من و خۆم، تەنها خۆمان ئەزانین لە چی ئەچین!؛
لە پارچەی گوللە تۆپێکی تەقیوی......
نێو مەیدانی شەڕێکی درێژ،
درێژ، چەشنی نیگەرانی

٢٠٠٦/٩/٢٢:

گوێمان لە یەک نییە،
لە بێ دەنگی زیاتر، هیچ نابیستین،
بێ دەنگی کەڕی کردم!
زۆر وتن لاڵی کردم!





٢٠٠٦/٩/٢٣:

لە تەڕبوون ئەترسین،
کە باران دائەکات، ئەبین بە نەعامە و
سەرمانی لێ ئەشارینەوە؛
لە تاشە بەرد وشکترین،
کەچی کە ڕەهێڵە ئەکات
دووپێمان ئەکەین بەچوار و
هەڵدێییییییییین

***

کەس هێندەی من لە مردن سڵ ناکاتەوە!
لە هەموو کەس زێتریش لە ژیان ئەترسم!
دوو شتی چەند عەنتیکە و سامناکن
دەبوایە جووتێک برای تەبا بن،
کەچی خەنجەریان لە یەکتر هەڵکێشاوە!!

:٢٠٠٦/٩/٢٤

لە میحنەتخانەکەی مندا بەبێ تۆ هەر برارۆیە،**
جەمالت پەیکەری ڤینۆسی خوای جوانییش ئەجوولێنێ،***
ئەوەندە دڵپڕم پێم خۆشە بگریم،****
کە تۆ قیبلەی، دەمت سا بێنە قوربان؛*****
ئەبینن چ ڕۆحێکی ئارامم هەیە!!؟
گرێیەکی چەندە ئاڵۆز!؟

** مەحوی.
*** ئەخۆل.
**** هێمن.
***** نالی.





:٢٠٠٦/٩/٢٦

بەرزم کەرەوە بۆ ئاسمان،
شۆڕم کەرەوە بنی قووڵترین دەریا،
ئەوەی ئەیبینم یەک شتە؛
مرۆڤ، دڕندەترین مەخلوقە،
زەلیلترین گیانلەبەرە،
بێ تواناتر لە نەمامی بەر کڕێوە!

***

با، هەموومان یاداشتەکانمان بنووسینەوە
من دڵنیام لاپەڕەیەک ئەپەڕێنن......
پڕە لە حەقیقەتی سەرکز و
جورئەتی ئەتک کراو!!

٢٠٠٦/٩/٣٠:

هەموو هاوکێشەکان لاسەنگن،

چاوەکان تەنها بستێک پێش خۆیان ئەبینن،

دڵان خورپەیان بۆ یەکتر لێ هەڵناسێت،

ئەنگوستەکان ڕوو لە هەڵقرچانی یەکتر وەرئەگێڕن،

بەهەموویان پێ ئەکەنم،

گریانم بۆ هەموویان دێت!!

***

تۆ بڵێی بەرەو کوێم بەریت!

تۆ بڵێی بەرەو کوێم بەرێت!

تۆ بڵێی بەرەو کوێم بەرن!؟؟

***

نامەوێت کەسێک بەئاگام بێنێت،

ئەم وشکەخەونە، زۆر خۆشە،

ئەم وێڵ بوونە زۆر بەتامە، زۆرررررررررررررر!!!!





٢٠٠٦/١٠/١:

قسە لەگەڵ سێبەرەکەم و

تەوقە لەگەڵ وڕێنە و

قۆڵ بەقۆڵی سەرابا ئەکەم

***

ئای چەند قەرەباڵغە ئەم چۆڵەوانییە!!

***

لە دەرگا مەدە، ناڕەسەن

ئەو گەمەیەت زۆر ناشرینە،

لێشت نەکەمەوە

تۆ کلیلی هەموو دەرگاکانت......

لە بەشەر دزیوە

٢٠٠٦/١٠/٢:

زۆر ماندووم بەدەست خۆمەوە
خۆم لە دەشتێکی کاکی بەکاکی جێ دێڵم،
لەو لاوە کافربابێک......
ئەمهێنێتەوە بەردەرگای ماڵەکەم





٢٠٠٦/١٠/٤:

ئەو پێڵاوانە سەرمایان ئەبێت،
خڕکە بەردەکانی کۆڵان ڕەق ئەبنەوە،
ئەو کراسە بەو عەللاگەیەوە......
ماندووبوون ئەیکوژێت،
کورسییەکەم ئەخنکێت،
دەرگاکان بەپێوە پشتیان ئەشکێت،
خەجاڵەتم، چۆن خەنییان کەم

***

هەتا بتوانم ئەدرێسەکەم ئەگۆڕم و
خۆم لە مردن ئەشارمەوە،
بەخاتر خۆم نا،
لەبەر چاوی ڕەشی تەنیایی،
نەک لە بێکەسیدا پەنا بۆ خۆکوشتن بەرێت!!!

٢٠٠٦/١٠/٥:

هەتا ئەژنۆم لە قوڕی،

هەتا سنگم لە قوڕی،

هەتا سەرم لە قوڕی......

......... و

.........و

.........، دا، چەقیوە





٢٠٠٦/١٠/٦:

ڕۆژێکم هەڵبژاردووە تیا بمرم

نە کەس پێ ئەزانێت و

نە کەسیش مەینەتبار ئەکەم،

ڕۆژێکە،

خودا بیری چوو بیخاتە ڕۆژژمێرەوە،

منیش بەدزییەوە بۆ خۆم برد!

٢٠٠٦/١٠/٧:

بیری دایکم ئەکەم،

ئەی ئێوە؟

***

پێکەنین، ناوی گریانی زڕاندووە و

کەسێکیش لێی ناپرسێتەوە!

***

دنیا سەرەو ژوور ئەکەم،

باڵەخانەی وەرزەکان دێنمە خوارێ،

ژوورە بچکۆلەکانی هەفتە تێکوپێک ئەدەم،

بۆ شتێک ئەگەڕێم،

لە دووی ساتێک ئەخولێمەوە؛

ببوورن،...... فەرامۆشی کەن،

خۆشم لەبیرم چوەوە.......

بۆ ئەم ئاشووبەگەورەیە ئەنێمەوە





٢٠٠٦/١٠/٩:

کەوتوومەتە چاوشارکێ لەگەڵ "ئەو"،

بەڵام هەمیشە......

من لە دوای ئەگەڕێم

***

پەڕە ڕەنگاو ڕەنگەکانی شیعر

بەشی داپۆشینی هەمووتان ئەکات،

لە کچەجوانەکەی دراوسێمانەوە بیگرە......

هەتا.......................................،

خۆم نەبێت!

***

خەریکی چیت؟

ژنەکەم وەهای لێ پرسیم؛.

شرۆڤەی بێهودەیی بۆ ژیان ئەکەم،٥

وەها وەڵامم دایەوە

***

هەبوو... نەبوو

منێک هەبووم،

زمانێکم هەبوو، درێژ،

دوو دەستم هەبوو، کورت،

دوو چاوم هەبوو، تیژ،

دوو گوێچکەی سووک،

هەبوو... نەبوو

" بەرزان هەستیار " هەبوو،

بەڵام نەبوو!!





٢٠٠٦/١٠/١١:

نامەکان وەها دەست پێ ئەکەن

سڵاو........ ؛

نامەکان وا کۆتاییان دێت

سەرکەوتووبیت...... ؛

***

ئەگەر بەکەرەمی خۆی ڕێم پێ بدات،

لە تەنیشت گۆرەوییە بەڕێزەکانمەوە ئەخەوم

بۆ ئەوەی بۆگەنی ئینسان کاسم کات

***

تۆ لە کوێییییییییییییییییییت؟

بۆ نایەیت، ژیان ڕووت... ڕووت کەینەوە

بۆ ئەوەی بەپۆشناخیی خۆی نەنازێت

١٢/١٠/٢٠٠٦:

من هەر لە ئەزەلەوە ڕقم لە داخستنی دەرگا و

داخستنی دڵ و

داخستنی چاو و

داخستنی دەروازە ئاوریشمینەکانی ڕۆحە......،

بەڕووی پەروانە وردیلەکانی عاتیفەدا؛

دەرگا، دزەکان لەودیوی خۆیەوە حەشار ئەدات

دەرگا، ڕووخساری پاڵەوانەکان ئەشارێتەوە

دەرگا، بێ حورمەتیی دکتاتۆرەکان ون ئەکات

دەرگا، خوێنی قوربانییەکان ئاودیو ئەکات

دەرگا....

دەرگا....

دەرگا، هەورێکی نزمە لە نیگەرانی

***

ئەمەوێت خۆم لە دەفتەرێکی بچکۆلەی

بەر باخەڵدا کۆکەمەوە

لاپەڕەکانی سەرەتا، بۆ منداڵی و

کۆتاییش، بۆ پیرێتی هەڵئەدەمەوە

لە نێوان منداڵی و پیریدا

ساڵانێکم لێ بزر بوون

پڕ... پڕن لە گەمژەیی و





پەرت... پەرت بوونی......

پەڕەی گوڵاڵە ناسکەکانی خۆشنوودی،

تازە زەحمەتیشە.........

بینینەوەی مووروومکانی زەردەخەنە

لە ڕاڕەوە تاریکەکانی بەجێماندا

٢٠٠٦/١٠/١٣:

دوودڵی، کردوومی بەتەنەکەی خۆڵ
لای دەرگای حەوشەوە نەبێت، جێم نابێتەوە؛
گومان، تەخت و تاراجی تێکداوم!





٢٠٠٦/١٠/١٧:

ڕەنگە مردنیش هەر نووستنێک بێت،
بەڵام کەس، بەیانیی زوو هەڵمان ناسێنێت......
بۆ کڕینی نانی گەرم،
بۆ قوتابخانە،
بۆ کار؛
چ خەوێکی بەد فەساڵە!!!!

***

هەزار ئەوەندەم خۆش بوێیت،
هەزار ئەوەندەت خۆش بوێم،
ئەو ئەژدیهایەت بۆ ناکوژرێت......
خوێنی پڕ کردووم لە ژەهری نیگەرانی

١٨/١٠/٢٠٠٦:

نیشتیمانەکەم،

لە میزی جاسووسەکاندا غەرق بووە

***

ئێمە، درۆ ئەکەین و

نیشتیمان، لە شەرما.........

خۆی ئەکات بەژێر عەباکەی دایکیا





٢١/١٠/٢٠٠٦:

شەوان ئەچمە گیرفانی بیجامەکەمەوە

لەوێ ئارامترم چنگ ناکەوێت

***

ئەی دڵ، نەوەستیت،

مردن بەدواتەوەیە

٢٢/١٠/٢٠٠٦:

گوێ بۆ حەکایەتی خەمەکانی شل ئەکەم و

ئەگریم،

بەدیار سەرگوزشتەی مەینەتییەکانمەوە ڕاماوە و

فرمێسکەکانیم پێ ئەبەخشێت؛

بنۆڕن، چۆن زەلیل بوونێکە!!!!





٢٥/١٠/٢٠٠٦:

بمخوێننەوە،

لە چاوی قرژاڵ ڕوونتر و

ساکارترم، لە چیرۆکی بەر ئاگردان

٢٦/١٠/٢٠٠٦:

لێرەم، کوێم بۆ ئەگەڕێیت!؟

لە کوێیت؟ هەموو کەونم لە دووت تەی کرد!





٣١/١٠/٢٠٠٦:

منەتم بەکەس نییە گوێم لێ بگرێت

من بۆ خۆم گۆرانی ئەڵێم و

نوکتە ئەگێڕمەوە و

شیعر ئەنووسم و

جار نا جاریش باسی عیشق ئەکەم،

سوپاستان ناکەم،

ئێوە، هەر بەشی خۆتان ئەکەن،

بەڵام من لە خۆم زیادم!!!!

***

لەوەتەی فامم کردۆتەوە

لە دوای ئەگەڕێم و نایگەمێ؛

لە دەستم دەرناچیت، ئەی شێتی!

٢٠٠٦/١١/١:

وڕ و کاس بووم
ئەوەندە هاوار مەکەن؛
وڕ و کاستان ئەکەم
ئەوەندە لە بێ مروەتییتان ئەقیژێنم!

***

"من "ێک لە نێوان دۆزەخ و بەهەشتا
"من "ێک بەدەست دوو فریشتەی خێر و شەڕەوە
"من "ێک لە کێشمەکێشی......
چڕنووکەکانی مردن و
ئەنگوستەکانی ژیاندا؛
پێم بڵێن ئێوە لە کام بەرن؟؟

***

ئێستا ماڵەکەم بەسەرما ئەڕووخێت،
ئەی ئەوە نییە هەموو دنیا لە جەنگایە!؟







٢٠٠٦/١١/٥:

شان بەشانی یەک ئەڕۆین،
سێبەرەکانمان تێکەڵاو بوون،
وشەکانمان پێکەوە ئەبنە شەختە و
ورد ئەبن،
گۆرانییەکانمان پێکەوە ئەبنە تارمایی و
ون ئەبن،
کێ ئەزانێت، کامیان من و
کامیان، بووکە دارینەی پەڕاگەندەییە؟!

٢٠٠٦/١١/٧:

لە دوورەوە،

دوور، دوور، دوور،

قەشەنگین، قەشەنگ؛

لە نزیکەوە،

نزیک، نزیک، نزیک،

لە مەرگا زەرد ئەچینەوە؛

تەرمی کام قوربانییت بنێژم، پاییز!؟

سەرخۆشیی کام کۆستم لێ ئەکەیت، پاییز!؟





٢٠٠٦/١١/٩:

هەموو هەوڵەکانت بەتاڵن،

نە، چراکان خامۆش بکە و

نە، خۆت سەرقاڵی سەفەر کە؛

من قەت چرام نەویستووە بۆ بینین،

لە شوێنی خۆشم ئەوەستم،

تا خرێتیی زەوی ئەتهێنێتەوە بەردەمم

٢٠٠٦/١١/١٣:

ئینسان بەرگەی گوللە ناگرێت

ئیدی نازانم......

چۆن سنگ ئەنێت بەعیشقەوە!!!





٢٠٠٦/١١/١٦:

لە سێبەری خۆم ئەچێت و

بێهودە شوێنی کەوتووم،

لە ئاو ئەچێت و

نائومێدانە......

سۆراخی مەملەکەتی ڕەنگی تیا ئەکەم،... کامەرانی!!

***

لەو نیگارانە ورد ئەبمەوە

خەڵکی، لە بێدەنگیی ڕەنگەکانیان سەر دەرناکەن

***

قووڵ..قووڵ... قووڵە

تەنکە ئاوی خۆشەویستی

***

پەتی سێدارە،

گەردانە،

گوللە،

گوارە،

کەلەپچە،

ستیان،

ئینسان دروستی کردوون؛....

ها...ها...ها...ها

٢٠٠٦/١١/١٧:

خنکام، لە ئاپوورەی بەشەردا،
تاسام، لە ساکەدەشتی وەحشەتا،
ئەی چی بکەم، چی؟

***

نامەیەکم بۆ بنێرە،
هیچیشم بۆ نەنووسیت گرنگ نییە،
تەنها سنووقی پۆستەکەم چۆڵ نەبێت!





٢٠٠٦/١١/٢٠:

بیکوژێننەوە،
هەموو گڵۆپەکان بشکێنن،
پێم خۆشە بەدیار تاریکییەوە......
بیر لە ڕۆشنایی بکەمەوە،
لە حزوری ژیانا......
دەست لە کاکۆڵی مردن بەم

***

منەتتان بەهیییییییییچ،
ئەوە منێکی دەست بەتاڵ و
ئێوەی پڕ چەک،
منێکی چەماوەی ژێر نەفرەتی نیگەرانی و
ئێوەی سەرقاڵ، بەچنینەوەی......
پەپوولە پاییزەکانی ژیان؛
وەرن، با ئەم شەڕە بکەین!

٢٠٠٦/١١/٢٤:

ئیتر بوخچەی درۆکانم......

ئەنێمە بن دەستتان،

ئێوەش بمدەنە بەر ڕێژنەبارانی بوختان؛

پێ ئەچێت کراسە ئاڵەکانی حەقیقەت......

کەڵکی پۆشینیان نەمابێت!





٢٠٠٦/١١/٢٧:

منی ئیفلیج،

قاچیشم هەبێت، ناینێم بەکەسدا،

دەستیش شک بەرم، چەمۆڵەی پێ لە کەس نانێم،

ئێوەی مردوو،

بێ گوناه، بەزیندوویی......

وەک باڵندەیەکی کەسیرە بوو.......

پەڕەکانم ئەکەن بەبالیف

***

هەمووومان حەز بەگەمە ئەکەین؛

خودا بۆ تەنیایی خۆی "ئادەم"ی خوڵقاند و

بۆ وەڕس نەبوونی "ئادەم "یش، " حەوا "،

خودا لە بێزاریدا، بەنی ئادەم ئەکوژێت و

بۆ کەیفی خۆی بەشەیتانیش ئەڵێت.........

بەئەقڵمان پێ بکەنێت،

هەمووومان گەمەیەک ئەکەین،

گەمەیەک،

کەس نایباتەوە، خودا و شەیتان نەبێت!!!!

٢٠٠٦/١١/٢٨:

ڕای کرد لە دەستم،
وەک تانجی، منداڵی تێی تەقاند،
وەک کیسەڵ دوای کەوتووم





٢٠٠٦/١٢/١:

جنێو بەن، هەتا ئەوپەڕی ماندووبوون؛
ئێوە لەوە بێ سەوادترن......
لە بێ تاوانیی من بگەن،
ئیدی چۆن لە بەرائەتی پەپوولە و
دڵسافیی کۆتر و
بێگەردیی ڕۆحی ماسی سەر دەر ئەکەن!

٢٠٠٦/١٢/٥:

کە لەگەڵ عیشقا......

بەکەنارە نارنجییەکانا ئەکەومە پیاسە

من هەمیشە ئەکەومە ناوەڕاستەوە





٢٠٠٦/١٢/٨:

بەیانی، جەژنی لە دایک بوونمە،

وەرن با شتەکان ئامادە کەین،

دەی، لە ئێستاوە خۆتان سەرقاڵ کەن

قاتە تازەکەم بۆ دانێن،

" شنە "،

بەیانی، تۆ بۆینباخەکەم بۆ ببەستە، خۆم نایزانم؛

" زەنوێر "،

ساختەچی، ئەوە دیارییەکەت لێ شاردوومەتەوە؟

ئای، سبەینێ......

ئەبێ چ فەوزایەکی خۆش بێت لەم ناوە!!!!!

:٢٠٠٦/١٢/٩

مۆمەکان دامەگیرسێنن،

سبەینێ، چارەکە سەدەیەکە،

" عەلی نەجارِ "ی باوکم

نە، چەکووشی داوە لە بزمار و

نە، دارێکی داهێناوە،

سبەی مۆمەکان ئەبەینە لای ئەو و

کێکەکەی لەگەڵدا ئەخۆین





:٢٠٠٦/١٢/١١

ئاڵۆزترین گرێ و

سەختترین پرسیار و

شاراوەترین نهێنیم؛

لووتتان لە بەردی ئەلحەد مەدەن

کەس، هەموو " من "ی بۆ نادۆزرێتەوە

٢٠٠٦/١٢/١٤:

لەسەر نەرمە بەردی......

میهرەبانییەکەی "سالم " ڕائەکشێم،

سێبەری گەڵای دڵە مەلوولەکەی......

ئەدەم بەخۆمدا و

"هەتا مردن ئەچێنم تۆوی هەر خارێ لە دڵ، شایەد

کە بێیت بۆ سەر مەزارم، دامەنت بگرم ئەگەر مردم "******

---

****** سالم.





٢٠٠٦/١٢/١٨:

پاش ئەم هەموو ساڵ تەمەنە

ترسم نییە،

تازە، سەمای تەنیاییم بیر ناچێتەوە

هەر کە نیگەرانیی دایڕزاندم

دەستەکانم بەرز ئەکەمەوە و

سپی... سپی ئەبن بەبەفری سەما؛

ڕەش... ڕەش دائەگەڕێن،....

کە هەرێزی تەنیایی هەڵئەپڕووکێت!

***

ئەوەندەی تنۆکی بارانێکم ماوەتەوە.......

بەدەست وێڵ بوونەوە،

هێندەی زەمین بەرین بووم.......

بۆ حەسرەت!

***

مەستی؛ باسکم بگرە و

کوێت پێ خۆشە، لەوێ دامنێ،

کوێم پێ باشە،

تۆ گوێ بەقسەی من مەدە

***

– ................، ؟

+ ..............................،

+ ..................................؟

_ .........

_ ........................، ؟

+ ..........................

_ هەمیشە تۆ ڕاست ئەکەیت!

***

تووکی سەرم لە تاوانێکدا سپی ئەبێت،

تاوانی گەورەی دڵسافی!!





١٩/١٢/٢٠٠٦:

لێم بزر بوو،

ڕەنگە نەیدۆزمەوە،

دوور نییە سێبەرەکەشم بێت،

یان وەک خاڵخاڵۆکەیەک......

بەیەخەی کراسەکەیەوە جێ مابم و

بۆشی بگەڕێم!

٢٠٠٦/١٢/٢١:

نوکتە بۆ خۆم ئەکەم و

لە پڕمەی گریان ئەدەم،

کەی من و نوکتەیان وتوە!

لە پرسەیەکدا دائەنیشم و

ئەدەمە قاقای پێکەنین،

بڵێیت مەرگی کەس بتوانێت......

لەوە مەلوولترم بکات!!؟





٢٠٠٦/١٢/٢٩:

خەتابار، کەس نییە،

گومان لە خۆتان مەکەن؛

بستێک لە خۆم دوور مەکەونەوە

گەر ویستتان ئەو دەمانچەیە بدۆزنەوە......

کەللەی پڕ کردووم لە گوللەی بێ ئارامی!!

***

چاویلکەیەک و گۆچانێکم هەبێت

منەتباری کەس نابم،

دەرگای گۆڕستانەکەم نیشان دا!!

٢٠٠٦/١٢/٣٠:

یارمەتیم بە......

کۆتری ئەم نیگەرانییە لە خۆم تەرە نەکەم،

ئەمەوێت بەردەوام ترسی ون بوونت.........

ئۆقرەم لێ ببڕێت،

بۆ ئەوەی چاو و دڵمت لێ غافڵ نەکەم!!





٢٠٠٧/١/٣:

وەک باڵەخانەیەکی کۆن، لە پڕ دائەڕمێم

ئەوەی ئەبێت بەژێر دارو پەردووەکەمەوە

چەند مەترێک زەوی ڕووتەنە!!

***

تف لە فەساڵت ساڵی نوێ

ئەوە بۆ لێم مۆڕ ئەبیتەوە؟

***

تەق... تەق... تەق،

مەڵێ کێیە لەدەرگا ئەدات

ئەوە گوێتە ئەزرنگێتەوە!!

٢٠٠٧/١/٤:

سەیر لەوەدا نییە نەزانین کەی ئەمرین

بەزم ئەوەیە، نازانین بۆ......

ماشێنی دڵ هەر زرمەی دێت!!!!!





٢٠٠٧/١/٥:

لە هەمووتان پیسترم،

کرم لە دەمم هەڵئەوەرێت،

میکرۆب لە دەستەکانم؛

لە هەمووتان خاوێنترم

عیشق لە دڵم سەر ئەکات،

میهرەبانی لە چاوانم!!

***

بۆ، شار بەدەرم ناکەن؟

من گوناهبارەکانتانم خۆش ئەوێت و

بەدڵ،

ڕقم لە بێ گوناهە نەفرەتییەکانتان ئەبێتەوە!!

:٢٠٠٧/١/٧

من نالێم شەڕی عیشق، لە بەتاڵی باشترە
بەڵام گەرەکم بوو لەوە تێ بگەیت
کە من شەڕم بۆ سەرکەوتن نەئەکرد
تەنها ئەمویست......
ساتێک نەمێنێتەوە بۆ بێدەنگی،
پەنایەک، بۆ بیرچوونەوە!

***

نیگەرانی،
نەهامەتی،
نەفرەت،
ئەو سێ درەختەبەردارەن......
نۆبەرەی میوەکانیان بەر من ئەکەوێت





:٢٠٠٧/١/١٤

خۆرنشینێک......
بەدیار پرتەقاڵیبوونی هەورەوە دائەنیشم
خۆرکەوتنێک......
لە بریسکەی شەونمی سەر گەڵای مێخەکێک ڕائەمێنم؛
چ کلۆڵییەکە ئەوە،
ئێواران مەرگی هەتاو هەراسانم کات و
سپێدانیش، لە پرسەی ئاونگدا دانیشم!!!

***

ئەلف، بێ، جیم، دال،
ئێوە و هاوەڵە نەفرەتییەکانی ترتان......
لە کوێوە سەرتان دەرهێنا!؟
ئەنگۆ نەبوونایە......
کەس نەیدەزانی بڵێت " شەڕ "،
مەرگ هەر ئەیفڕاندین......
بەڵام ناوێکی نەبوو لێی بترسین؛
عیشقیش بەخۆی ڕەنگی ئەکردین
بەڵام مخابن ئەوسا نەمانئەزانی
بەچی بانگی کەین!!!!

٢٠٠٧/١/١٧:

من ڕازیم یەکتری بسڕینەوە،
ئێوە خۆشحاڵیی من و
منیش مەینەتییەکانی ئێوە؛
گرنگ ئەوەیە نەوەستین،
با بۆگەنمان نەگاتە ئەوپەڕی دنیا!

***





٢٠٠٧/١/٢٣:

من و ئەو، بۆ ئەوە یەکترمان خۆش ئەوێت
تا، هەناسەمان بەر پەردەی " وجود " بکەوێت و
جووڵەیەک بەژیان ببەخشین؛
کە ڕقیش لە یەک هەڵئەگرین
ئەمانەوێت بەر لە مردن
دەست لە تامی فەنابوونی خۆمان بدەین!!!

٢٠٠٧/١/٢٤:

بێ سنوور و
سەرکردە و سوپا،
هەر سات و لە هەر کوێوە ئارەزوو کەیت
بەسانایی داگیرم ئەکەیت و
یەکەم وڵاتی بێ ئاڵام،.......
مەیلی ڕزگاربوونم نەبێت!

***

وەکو شیعر، پەی بەکۆتایی خۆم نابەم،
چەشنی بێ دەنگی، بێ نوتقم،
دیارە لە نەسلی خاک و خۆڵیشم
کەس، بیر لە دڵڕەقیی هەنگاوەکانی ناکاتەوە و
گوێ بەخوڕەی ڕژانی خوێنم نادات





٢٠٠٧/١/٢٩:

فریای بێزارییم بکەوە
نەبا بمکات بەژێر هەرەسی......
تاوێرەکانی مەرگەوە؛
ئەگەمە هانای وەڕسییت
نەک بۆ شوێنێک ڕاپێچت کات......
قیبلەنوومای ڕۆحیشم نەتدۆزێتەوە

٢٠٠٧/١/٣٠:

وەک مەرکانەیەکی شکاو

تینوویەک بەخەیاڵیا نایەت......

بۆ جاموولکەیەک ئاوی سارد......

سەری سڵاوێکم بۆ خوار کاتەوە؛

ئێ، ئاخر هەقی خۆیەتی،

من خۆم گەرووم بووەتە پەڵاس،

قەڵا... قەڵام لە وشکبوونەوە!





٢٠٠٧/٢/٤:

خودایە بەدەنگە گەورەکەت

تێر جنێومان کە و

غەزەب لە بەشەرییەت بگرە؛.

کە عیشق وەک مامزێک سەرئەبڕین.........

ئەبێ کەون هێندەی تۆزێکی بمێنێتەوە،

تۆش لە غرووری خۆت ڕووت بیتەوە و

تێر... تێر بگریت؛

خودایە وا ئێمە بێ عارین، ئەی تۆ چی ؟؟؟؟

٢٠٠٧/٢/٥:

هێندەی ماوەی چاوداگرتنێک لە کچێک،
ماچی سەر سیلەی کۆڵانێک،
دەرچوونی گوللەیەک،......
کاتم ماوە بۆ خۆم؛
بەقەدەر درێژیی مێژوو،
بارتەقای تەمەنی " نوح " و
مەودای دوورترین هەسارە،......
بوارم هەیە، گوێ لە بارینی تۆ بگرم

***

چەرچەفی بێدەنگییەکی سپی ئەدەم بەخۆمدا.........
کە ئێوە لە تاریکیدا ئەبینم؛
ئاخر ئەزانم؛ ئێوە خۆتان
لە نێوان بەفر و قەتراندا
ڕووتان لە کرێوە وەرگێڕا





٢٠٠٧/٢/٧:

هەناسە، سنووری تەسکی نێوان ژیان و مەرگە
بیرکەنەوە،
ئەو دوو دوژمنە نەگریسە.........
چەندە لێکەوە نزیکن؟!

***

کچێکم هەبوایە پێی ئەوتم
بابە، من و بووکە شووشەکەم.........
چۆن لێکدی جیا ئەکەیتەوە؟!
کچێکم هەبوایە پێم ئەوت
گوڵەکەم، من و داهۆڵی باخەکە
چی لێکمان جیا ئەکاتەوە؟!

***

بەیانیان ڕێم نییە بڕۆم،
حەوشەی ماڵەکەم پڕ بووە لەو هاوارانەی
دوێنی شەو، بێهوودە،
حەواڵەی هەموو کونجێکی کەونم کردن!!!

١١/٢/٢٠٠٧:

جەنگاوەرێکی ترسنۆکم و
بەهەموو لایەکدا شمشێر ڕائەوەشێنم
تا، غیرەت بنێمە بەر خۆم و
لە کەوتنە خوارەوەی دڵۆپی بارانیشا،
وا تێ بگەم......
من جەزرەبەم گەیاندۆتە عەرشی سەما





١٣/٢/٢٠٠٧:

خۆشە، هەندێ جار، کەسێک......
هێندە لە قوڕاوی بێزاریت هەڵکێشێت،
تا بەدەماخێکی ئاسوودە......
وەک نوقڵی بەرات، جنێو ببەخشیتەوە

ڤالانتیانی۲۰۰۷:

لێ گەڕێن، ڕەشەبایەک دەمامکەکان بڕفێنێت و

بەڕۆژی نیوەڕۆ،.........

دەستە و یەخە بکەوینە شەڕ و

خوێنی گوڵە سوورەکانیش لەپەنجەکانمان بچۆڕێت

بۆ ئەوەی عیشقیش تێ بگات.......

ئەم بەشەرە چەند شەڕانگێزە!





۲۰۰۷/۲/۱٦:

لە بارینی خۆی ناکەوێت، شەونم و

دەستبەرداری دوژمنکاریی نابێت، هەتاو؛

شەونم، یادەوەرییەکانی من و

هەتاو، خەنجەرەکەی دەستی ئەوان!

٢٠٠٧/٢/١٧:

دنیا بەلەت وپەتی جوانە
بۆ ئەوەی برینە شاراوەکانیش ببینین،
تخووبێک نەبێت.......
جریوەی ئەستێرەکانمان لێ ون کات





٢٠٠٧/٢/٢٠:

وەک ئەسپێکی شەل......
کۆڵ و باری " ڕابوردوو " لە پاشەڵمان ئەخشێت؛
سەری " ئێستا " شمان کردووە بەژێر لمی گەمژەییدا
ئێمەی نەعامە؛
خوناوی" سبەینێ "ش ناپرژێتە سەر برژانگمان،.........
لە داوێنی شەمشەمەکوێرە بەربووینەتەوە!!

***

کە چاو دائەخەم،.........
دنیا ئەبێت بەئاوێزە،
چەندتان پێ خۆشە کەروێشکی ئارامیم.........
لە لانە دەرپەڕێنن

***

دوودڵی، فێری ئەوەی کردم
بەردەوام بەیەقینەوە خۆشەویستی بکەم!!

٢٠٠٧/٢/٢١:

لێورِێژین لە درۆی باڵدار،......

کە ئەمانەوێت دوگمەی کراسەکەمان بترازێنین و

"ڕاستیی "ەکان وەک هەنار

لە بێستانی سینەمان بەر ببنەوە





٢٠٠٧/٢/٢٣:

قسە هەزارە و هیچی گوێ لێ ناگرم،

یەک قسەم هەبوو کەس گوێی پێ نەدا!

***

شێتیی و مەستی......

ئەو دوو خێر و بەرەکەتەن

هەر کات بەسەرما دابکەن

ئەبم بە" نور "ی ئیلاهی

***

تۆڵەتان لێ ئەکەمەوە؛......

هەرچی شەتڵی گۆرانیی خۆش هەیە.........

لە حەوشەکانتانا ئەیرِوێنم؛

هەر نوکتەیەکی تازە شک بەرم،

دەرگاشم لێ نەکەنەوە......

لەو دیو دیواری ماڵەکانتانەوە

بەدەنگی بەرز بۆتانی ئەگێڕمەوە

٢٠٠٧/٢/٢٤:

ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و
کەچی، بەحاڵ شێوەت ئەکەم!!!





٢٠٠٧/٢/٢٦:

لە قەراغ شار،
تەرمێک، بێ سەر و ناسنامە،
تەرمێک، بێ دڵ و
بێ خوێن و
بێ دەست و قاچ، دۆزرایەوە؛
تا ئێستا، کەس،......
خۆی نەکردووەتە خاوەنم!!

٢٠٠٧/٢/٢٨:

نە، منی دەریا، بێ ماسی هەڵ ئەکەم،

نە، منی ماسی ئەتوانم پشت لە دەریا کەم

کەچی نە ئەو لە قولاپی ڕاوچییەکان ڕزگارم ئەکات و

نە منیش پێم ئەکرێت

بەبۆنی مەرگی خۆم غەمگینی نەکەم!





٢٠٠٧/٣/٥:

سەر ئەکێشم بەبەردی ڕۆژەکانا،

ئەوەی ئەڕژێت خوێن نییە،......

نەزیفی کارەساتەکانە

***

کە مەست بوویت، گۆرانی بڵێ

دەنا، لە بێدەنگیدا.........

ئەبێت بەهەزار پارچەوە

٢٠٠٧/٣/٧:

هەموو ڕێگەکانتان وەک کار سەربڕی؛
ڕۆحی دەریاکانتان زامدار کرد.........
نەتانهێشت بەڕوونی خۆمیان تیا ببینم؛
ئاسمانتان، وەک پێڵاو.........
بەبروسکە بزمارڕێژ کرد؛.
کە ئێوە خۆتان تەنها چاوێک شک ئەبەن
ئەو هەموو غەدرە، بۆ؟
چ نەبێت، ساماڵێک بۆ بینایی خۆتان بکەن!!

***

یەکەم، تەیمانی مردن
دووەم، تریفەی ڕووخساری دایکم
سێهەم، خەرمانەی عیشق
چوارەم، زەردەواڵەی شیعر
وا تێم ئالاون،......
بەزەحمەت ئەنگوستەکانی خۆم ئەناسمەوە

***

خودایە، لەسەر سێوێک
چ ڕەوای حەق بوو ناوی "حەوا " بزڕێنیت!؟
ئەو کە سێوێکی بەهەشتەکەی خواردیت
تۆ، بۆ دوو سێوت پێ بەخشی......
کە هێندەی هەموو گەردوون جوانن!!؟؟





٢٠٠٧/٣/١٢:

ترسم لە ڕووخانی ئاسمان نییە،
یان لە نوغرۆبوونی زەمین؛
ئەوەی نیگەرانی کردووم
نازانم لەم نێوانەدا چ کارەین!

٢٠٠٧/٣/١٣:

بەرلەوەی " شیعر " دەواری هەڵدا

ئەم جیهانە زەبەلاحە......

لە کوێ جێی خۆی کردووەتەوە؟!

***

وەرن هەموومان عاشق بین،

تا، دەرفەتێک نەمێنێتەوە

شەیتان بەردبارانی ڕۆحمان کات

***

ئەوەی یەکەمین ماچی کرد،

یەکەم تاعوونی شیرینی......

بەنێو مرۆڤدا پەرش کرد،

خۆی دواهەمین کەس ئەمرێت





٢٠٠٧/٣/١٦:

هەڵەبجە!!!

٢٠٠٧/٣/١٩:

هەر پەلێکم بەدەست ئیزرائیلێکەوە و
هەر هەناسەیەکیشم لە سنگی فریشتەیەکەوە
وای لەو ڕۆژەی ئیزرائیل......
بەقاقای سەرکەوتن کاسم ئەکات!

***

خۆشت ئەوێم؟!
ئەی خاک بەسەر،
لە ترسی دکتاتۆری عیشق......
لە کوێدا حەشارم ئەدەیت؟





٢٠٠٧/٣/٢٠:

ڕۆژێک ئاشتی و
ساڵێک لە شەڕێکی خوێناوییدام لەگەڵ خۆمدا
لە ئاشتیدا،
ژوورەکەم سوور ئەبێت بەخوێنی وەڕسی
لە جەنگیشدا،
ماڵەکەم، ڕووناک...ڕووناک بەچرای ئاسوودەیی!!

***

لە هەموو شتێک دوودڵم،.........
گومان نەبێت!

٢٧/٣/٢٠٠٧:

هەمیشە بیر لە مردن ئەکەمەوە

کە مردیشم، تۆ بڵێیت دەرفەتی ئەوەم هەبێت

بیر لە ژیان بکەمەوە؟!

***

– مَن ربُك؟

+ تۆ واز لەو پرسیارە بێنە

– مَن ربُكَ؟

+ لێم گەڕێ بزانم خۆم کێم!!!!





٢/٤/٢٠٠٧:

" مردن "، لە هەموومان عاشقترە،

ئەی ئەوە نییە چرکەیەک.........

چاو لە " ژیان " ناترووکێنێت!

٢٠٠٧/٤/١٢:

پیاوێک هەیە هیچ لەم کەونە حاڵی نابێت؛

بۆی مەگەڕێن، ئەوە منم!

***

هەموو ئافرەتی سەر ئەم گۆی زەمینەم پێ جوانە؛

ئیدی نازانم خودا ،........

ئەیەوێت بەکام بیانوو

فڕێم بداتە نێو دۆزەخ؟؟





٢٠٠٧/٤/١٣:

سەرقاڵم بەچنینەوەی خۆمەوە؛

سەرگەرمی کۆکردنەوەی " من "یت،

هەردووکمان لە خۆڕایی مەشغووڵین!

٨/٥/٢٠٠٧:

ناشرین ئەم ئێوارانە،

ڕەنگە پرتەقاڵییەکەی خۆیان دۆڕاند بەخۆڵەمێش

خیانەتیان لە خەیاڵە ئارامەکانی ئێمەش کرد

تاریکن ئەم ئێوارانە





١٤/٥/٢٠٠٧:

سەیرە، بەر لەوەی قابیل........

دەستی بچێتە خوێنی هابیل

باوە ئادەم،

خوێنی دایە حەوای نەکردە کاسەوە!!!

٢٠٠٧/٥/١٨:

شاردنەوەی ئەو دڵۆپە خوێنانە،

حەشاردانی کراسەکان،.........

گەردێک لە گوناهەکانتان ناوەڕێنێت

***

زرم..زرم..زرم،

ئاسمان ساجە گەورەکەی خۆی......

بەردایەوە بەسەرمانا،

زەمین فەرشە کون کونەکەی پێچایەوە؛

گرم... گرم..گرم،

تۆ موویەک لە سمێڵت نەوەری،

من ئێسکێک لە گیانما نەما!!!!





٢٠٠٧/٥/٢٤:

پرسیارێکم لا جێ بێڵە، بێ وەڵام،

بۆ ئەوەی بتوانم ئەم چاوشارکێیە.........

لەگەڵ " ژیان " تەواو بکەم

٢٠٠٧/٥/٢٨:

خوێنەکەم، کاڵ..کاڵ بەرەوە،

دڵەکەم، تۆش ئیقاعێکی تر بژەنە،

با هیچ..هیچم لەوان نەچێت!!

***

ژمارە بچکۆلەکانم خۆش ئەوێت

گەرەکمە دەست بەداوێنیانەوە بگرم،

کەیفیان ساز کەم بەقسەی خۆش......

بەڵکو کەونە لانەکەم چۆڵ نەکەن؛

ژمارە وردیلەکان، وەرن هەموو ماڵەکەمتان لەگەڵ بەش کەم

بەمەرجێک، ئەنگۆش داوەتم کەنەوە لای خۆتان

بۆ ئەوەی ژمارە پیرەکان.......

لەوە زیاتر فرسەت لە "تەمەن"م نەهێنن!!!!





٢٠٠٧/٥/٣١:

"ڕقم لێتە "؛

ئەمکوژێت، ئەو درۆ گەورەیە!!!

"خۆشم ناوێیت "؛

وێرانت ئەکات ئەو درۆ زەبەلاحە!!!

***

هەموو شتێک بەخەیاڵ و

خەیاڵیش بێ سنوور

٢٠٠٧/٦/٤:

هیچ کەنارێک نایگرێتە خۆی،

دەریاش شمشێری شەپۆلی لێ هەڵکێشاوە،......

ئەم کەشتییە سەرکەشەی من

***

بەردەوام لە نیوەی ڕێگا ئەگەڕێمەوە

نەهامەتی لەوەدایە.......

نە، ئەو سەری ڕێ بەڵەد ئەبم و

نە سەرەتاش ئەدۆزمەوە





٢٠٠٧/٦/٥:

حیکمەتی ئاوابوونی خۆر لەوەدایە......

بێ ئەوەی لێی بپاڕێینەوە،

بەیانی، بەر لە ڕابوونی ئێمە.......

بەر هەیوانەکانمان گەرم ئەکاتەوە

٢٠٠٧/٦/١١:

فوو لە خۆڵەمێشی خوێنم بکە

پشکۆیەک ئەبینیتەوە،

بزێو، وەک ئەو هەرزەکارەی......

چاو لە درزی جووتە مەمکێک ناترووکێنێت؛

چاو گەش، وەک ئەو کیژۆڵەیەی

لەیەکەم دەستگوشیندا......

ئەبێتە هەڵمێکی پەمەیی





٢٠٠٧/٦/١٣:

ئاو، هەمیشە پەشیمانە،

ڕەدووی خۆر ئەکەوێت......

بۆ ناو بێشەڵانی هەورەکان و

لەوێوە بۆ ئێمە ئەگری،

لەو بەرزاییەوە،......

مەیلی نێو خەرەند ئەکات؛

مەخلوقێکی چەند شێتە، ئاو!!

٢٠٠٧/٦/١٥:

"سیروان "، لێت بەم و لێت نەدەم هەر ئەمبەیت،

"سیروان "، ئەوەستم،

تۆش غەدری خۆتم لێ بکە!





٢٠٠٧/٦/٢١:

کە بەگۆڕستانێکدا ڕابووردیت، سڵاو مەکە

چونکە، کەس کاتی زێڕینی خۆی......،

بەتۆی ڕێبوارەوە ناکوژێت؛

" ئەی لێرەوە بۆ کوێ ئەچین؟"

ئەمە گرێ کوێرەی هەموو مەملەکەتی مردووەکانە!

٢٠٠٧/٦/٢٤:

کە " خوێن " هەرێزی ماڵەکەم ئاو ئەدات،

کە " خوێن " داوەتی بینینی......

شانۆنامە تراژیدییەکانی خۆیم ئەکات،

کە " خوێن " سەری دنیام لێ دێنێتەوە یەک،.....

ئەچمە لای هێلانەی کۆترەکان،

سەر ئەکەم بەکولانەی سەگێکدا ،

وای چەند ئارام و پڕ ئۆقرە و

ڕەنگا و ڕەنگە ماڵەکانیان!!





٢٠٠٧/٦/٢٦:

خەونەکانم لێ وەرگرنەوە،

خەونەکانتان لێ داگیرئەکەم،

لە یەکتر ئەبین بەدکتاتۆر،

ئەبینە دوژمنی خوێنەخۆری سەری خەیاڵەکانی یەک،

کە عیشق ئەوەندە خەتەرناک بێت،

کە عیشق، هەمیشە سەری بەبارمتە لای جەللادەکان بێت

لووتی خەون بدەین لە کام بەردی ئەلحەد و

کاسەی پڕی بیر و خەیاڵ.....

لەسەر مێزی کام شەو فڕ کەین؟!!

٢٠٠٧/٦/٢٨:

تۆ نازانیت، تێزابی چ بێ مروەتییەک......
بەدەمارەکانما ئەگەڕێت،
منیش بێ ئاگام، قامیشەڵانی چ غەدرێک......
لە ژێر قەفەزەی سنگتا ڕیزی بەستووە!!

***

لە خیانەت ترسنۆکترم،
بەردەوام لە پشتەوە دەست ئەوەشێنم،
لە ئیزرائیل ئازاترم،
وەلێ، بەبێ ئەوەی هیچیان داچڵەکێنم
پەنجە لەسەر زەنگی هەموو دڵێک دائەنێم





٢٠٠٧/٧/٢:

ڕووخسەتی گەڕانەوەم بدە، خودا
" مین "ەکانی مەرگت لە ژێر پێدا تەقاندوە
لێ گەڕێ جارێ تر،......
لەسەر قەرسیلەکانی " ژیان " ڕاکشێمەوە

***

مردن، ئەو میوانە ڕەزا قورسە دەوڵەمەندەیە،
نە، هەواڵێک ئەنێرێت و
نە، دڵی دێت،......
پێش وەخت تەلەفۆنێکمان بۆ بکات،
بەبێ ئەوەی ڕێی پێ بدەین......
ئەگاتە سەر سفرەکانمان؛
ئەو هەناسەکانی ئێمە ئەخواتەوە و
ئێمەش ژەهری پیاڵەکەی ئەو!!!

٢٠٠٧/٧/٥:

ئەبێت یەکێک هەبێت درۆ بکات،
یەکێک فاڵ بگرێتەوە،
کەسێکی تر لە بۆسەی غەدردا بێت بۆمان،
یەکێکی دی، ڕووباری ڕەنگەکان شێلوو بکات،
بۆ ئەوەی لەزەت لە گەڕان وەربگرین......
لە دووی ئەڵماسە بەتاڵان براوەکانی حەقیقەت!!

***

چەندم خۆش ئەوێیت،....
بەبارتەقای ئەوە، ڕقم لێی ئەبێتەوە؛
" ڕووخسار "ی لە خەڵووز ئەچێت،
" ناو "ی،......
پیاوکوژەکانی مێژووم بیر دێنێتەوە،
" دەنگ "ی،......
شەیپووری جەنگە درێژخایەنەکانە،....
ئەو کەسەی زاتی ئەوە بکات،
بتخاتە ئەودیو تەیمانی، خەیاڵەکانی خۆیەوە

***

ئەتەوێت کامیان بیت،
جاڵجاڵۆکە، یان خاڵخاڵۆکە؟!!
تۆ کامیانیت،
خاڵخاڵۆکە، یان جاڵجاڵۆکە؟!!





٢٠٠٧/٧/١٠:

هەتا زیاتر " ڕۆژ " ڕاو بنێت، شەو،
خۆی، ڕەشتر و
ئەویش، لە بەفر سپی تر ئەبێتەوە

٢٠٠٧/٧/١٦:

باران سەرگەرمی پاککردنەوەی ئێمە نییە،

نیگەرانی ئەوەیە.........

ئوتووی پانتۆڵەکەی نەشکێنین

کراسەکەی چرچ و

پێڵاوەکانی قووڕاویی نەکەین

***

تا، لە"بوون "ی خۆت دڵنیا نەبیت

نوێژی مردوو دامەبەستە

***

ئەو هەموو بەردە، پێم ئەڵێن،.......

تا، باڵ برِستی نامێنێت، فڕین،

تا، ڕۆح برِ کات، نیگەرانی.

***